

# ميترائيسم

## له بەیتی شێخ مەندو شێخ رەش دا

تاهیر قاسمی

٢٠١٧

**پێشکەشە بە:**

- محەممەدی غەزالی (حەمەی بەیتان)، ئەو هونەرمەندە مەزنەی کورد کە بە نۆرەی خۆی، ئەم بەیتەو گەلێک بەیتی دیکەی بە ناوەرۆک و هەوای خۆیانەوە وەستایانە پاراست و گەیاندیە دەست ئێمە

- کاکم، ناسر قاسمی کە لە نیزیک و دوور، مامۆستام بووەو ئەگەر هاندان و هاوفکریی ئەو نەبا، ئەم بابەتەش نەدەنووسرا.

## ڕانانی بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش

"شێخ مەندو شێخ رەش" یەک لە بەیتە بەناوبانگەکانی ئەدەبی زارەکیی کوردە. ئەو کەسانەی کەم و زۆر بەیت دەناسن و گوێیان بۆ بەیت هەڵخستوە، گەر بۆشیان نەلوابێ گوێ بۆ بەیتی "شێخ مەند و شێخ رەش" هەڵخەن، لانیکەم ناوی بەیتەکەیان بیستووە. بەڵام بۆ ئەوانەی کە گوێیان داوەتێ، رەنگە ئاسان نەبێ بزانن بەیتەکە لە کوێوە سەرچاوەی گرتوەو گەرەکیەتی چ بە گوێگر بڵێ. لە باری ناوەرۆکەوە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندیەیە کە لە بەیتەکانی دیکە جیای دەکاتەوە. چیرۆکی بەیتەکە بابەتێکی دڵداری یان گێڕانەوەی رووداوی مێژوویی نییە. شەڕی تێدایە بەڵام داستانی قارەمانەتیی جەنگاوەران نییە. مەرگی تێدایە بەڵام تراژێدیا و شینگێڕی بۆ مردوو نییە. کوژرانی تێدایە بەڵام تەنیا جەستەی تێدا بریندار دەبێ و رۆح و گیان هەر وا زیندوویە. قارەمان و دژە قارەمانی بەیت هیچیان لە ژێر غەزەبی بەیتبێژ دا نین. هەردوو شێخن، ئامۆزان، خاوەن هێزن، کەرامەتیان هەیە و ئیماندارو ئاشقە زیکرن. بە پێچەوانەی زۆربەی بەیتەکان کە ژن دەوری ماشوق و دڵداری پیاوی هەیە، لەم بەیتەدا ژن یەک لە پایەکانی چیرۆکەکەیە و ئەگەرچی بە رادەی یەک لە سەر حەوت، بەڵام خاوەن هێز و کەرامەتەو وەک پیاوانی ناو چیرۆک، دەور و رۆڵی خۆی هەیە.

شوێنی رووداانی بەیتەکەش ئاسایی نییە. رووداوەکان جارێ لە سەر هەرد و لە ناو سروشت دا روو دەدەن و جاری دیکە بۆ ئاسمان و تا پشت خۆر بەرز دەبنەوە.

بەیت هەروەها تژی لە ڕەمز و ڕازە. سێ لە پیرۆزترین پیاوانی ئایینی ڕوو لەماڵی شێخێک دەکەن. شێخ سەرەڕای نێوبەدەرەوەیی، خاوەن کەرامەت و پیاوچاکی، نایانناسی و داوا لە کوڕە چاردە – پازدە ساڵیەکەی دەکا تا میوانەکان بە باوک بناسێنێ. کوڕ کە شێخ مەند، قارەمانی سەرەکیی بەیتەکەیە، پێش ئەوەی دایک و باوکی یەکتر بناسن، ئەم حەوت ساڵ بوو ڕۆحی لە سەریان دەگەڕاو ئاگای لە راز و کرداریان بوو. خاوەن کەرامەت و توانایی یەکجار زۆرە. زمانی گژ و گیا دەزانێ. فەرمان بە سەر با و بەرد دا دەکا، دەتوانێ بچێتە بەهەشت و لەوێ چرای بەهەشتێ بێنێ.

دژە قارەمان کە شێخ ڕەشە، لەویش بەقەوەتترە. بەڵایەکەو بە ناوی ئەو توک و نفرین لەم و لەو دەکەن. دەبێ بە مار، دەبێ بە بەران، تەنانەت دەگاتە لای خۆر و دەتوانێ لە پشت هەتاو خۆی حەشار بدا. بەوانە ڕەنگە بیسەر یان خوێنەرێکی ئاسایی وا بیر بکاتەوە کە بەیتبێژ بۆ خۆش کردنی چیرۆک و ڕاکێشانی سەرنجی بیسەر، چیرۆکەکەی لە ئەفسانە ساز کردووە و ئەو هەموو دەسەڵاتەی بە قارەمان و دژە قارەمانی بەیت داوە. ڕەنگە هەبن پێیان وا بێ بەیتبێژ بە کەیفی خۆی خەیاڵی لێ تاو داوە تا بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی، سەرنجی بیسەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەڵام مرۆڤ کاتێ کلیلەکانی دۆزینەوەی ئەو هەموو ڕەمز و رازە دەدۆزێتەوەو دەچێتە ناو بنج و بنەوانی بەیتەکە و بەسەرهاتەکان دەسەر یەک دەکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە هیچ بەشێکی بەیت بێ حیکمەت و بێ مەبەستی گەیاندنی پەیامێک، نەگونجێندراوە. ئەوسا مرۆڤ دەزانێ کە بەیتبێژی کورد چ گەنجێکی بە نرخی لە فەرهەنگ و ڕوانگەی پێشینیانی ئێمە سەبارەت بە ژیان و مەرگ، بۆ ئێمە پاراستوەو گواستۆتەوە.

***

## شێخ مەند و شێخ ڕەش لە فەرهەنگی کورد دا

بەیتی "شێخ مەندو شێخ ڕەش" بە ناوی دوو کەسایەتیی سەرەکیی ناو بەیتەکەوە کراوە. هەردوو ناو بۆ مرۆڤی کورد ناوی ئاشنان. لانیکەم یەک لەم دوو کەسایەتیە هەتا ئێستاش ناوی بە سەر گڵکۆی چاک و پیرانەوە ماوە. دیارترینیان لە ئاخێزگەی بەیتەکە، زیارەتگای شێخ ڕەش لە ناوچەی شنۆیە. لە مەودایەکی بەرینتر دا مەزاری شێخ ڕەش لە ناوچەی شارەزوور زیارەتگایەکی کاکەییەکانە. لە ناوچەی بازیان لووتکەیەکی بەرزە. لە ناحیەی بەکرەجۆ، ناوی گوندێک و مەزارگەیەکە. لە ناحیەی سیدەکان ناوی ئاواییەکە. لە گوندی نایسەری نیزیک سنە، زیارەتگایە. لە نێوان گوندەکانی ساردەکوێستان و زاواکێوی گەورکایەتیی بۆکان گڵکۆیەکی پیرۆزە و لە دەڤەری شارۆچکەی موچشی کامیاران ناوی ئاواییەکە. ئەم هەموو زیارەتگا و گڵکۆیە بە ناوی شێخ ڕەشەوە، نیشانەی گرینگیی کەسایەتیی ئەو لە ناو فەرهەنگی کورد و ڕۆڵی لە شکڵ دان بە فەرهەنگ و باوەڕەکانی کوردە. گرینگیی زیارەتگا و مرازگەکەی، لە گۆرانیی فۆلکلۆریش دا ڕەنگی داوەتەوە:

نەزرێ خاسم بوو تەک بەیاخێ ڕەش     سەرو پا پەتی بردم بۆ شێخ ڕەش
شێخ ڕەش ئامانە، تۆ عەفوت فـــرەس     لە مـن بپرسە دەردی دڵت چـەس
خـەم دەورەی داوە لەبان ئەم دڵمەس     وێڵکۆنی نییە، ئێـــژێ مەنزڵمەس
خـــــەمە بوچکەڵە مەگەر تۆ بـرامی     هەر شوێنێک ئەڕۆم ڕەفیقی ڕامی

وشەی ڕەش لە زمانی کوردی دا وەک چۆن ڕەنگی غاڵبە، سفەتی بەهێزی و بە تواناییشە. پەسنی ڕەش بە دوای هەر دیاردەیەکی سروشتیی‌یەوە، ئەگەر ڕاستەوخۆ لە ڕەنگەکەیەوە وەرنەگیرابێ، ئاماژە بۆ هەراوی و هێزی زۆری ئەوە. جاری واشە ڕەنگ و هێز لە دیاردەیەک دا کۆ دەبنەوە. شێخ ڕەش هەروەها لە زەینی کوردێک دا کە باوەڕی بە شێخ و مشایخان هەیە، شێخی بە قەوەت و خاوەن کەراماتی زۆرە. ڕەش پەسنی مەسحەف یان موسحەفا ڕەش، یەک لە دوو کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزدیە. سەردەمانی پێشتر بە شێوەکانی مامەڕەش، کاکەڕەش و کارەش بۆ ناوی کوڕانیش هەڵدەبژێردرا. وەک ڕەنگیش، ڕەنگی پرسەو ماتەمەو لای شیعەکان ڕەنگی عەممامەی ئەو مەلا ئایینیانەیە کە سەید و ساداتن.

لە بەرامبەر شێخ ڕەشی بە هێز و توان دا، شێخ مەندی تازە پێگەیشتوویە. مەند لە زمانی کوردی دا بریتی‌یە لە ڕاوەستاوی بێ بزووتن. وشەکە بە تایبەت ئاماژەیە بۆ ئاوی ڕاوەستاو و بە شێوەی "مەنگ"یش گۆ دەکرێ. وەک دەڵێن "لە ئاوی مەند بترسە نەک لە ئاوی خوڕێن". چونکە ئاوی مەند خاوەن پۆتانسیەلی زۆری ئازاد نەکراوە. مەند هەروەها پاشگری خاوەندارەتی‌یە و بە تەنیاش پەسنی سەنگین و گرانیی مرۆڤە. بە شێوەی مامەند و مەندە بۆ پیاوان و بە شێوەکانی مەندێ و مەندانە ناوی ژنانە. مەند، مەندک و مەندۆک جۆرە گیایەکی بۆنخۆشە. لە وشەی مەندیلیش دا مەند هەیە کە لە بەرامبەر عەممامەی ڕەشی سەید، سەروێنی سپیی مەلای ئاساییە.

له بەیتەکەدا مەند کەسایەتیی سەرەکی‌یە و دەتوانین بڵێین ئامانجی سەرەکیی کۆی بەیتەکەش ناساندنی مەندە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگای ئێزدی وەک کۆمەڵگایەکی ئایینیی سەربەخۆ و جیاواز لە دیکەی کورد حیساب بکەین کە ئێستا هەر وایە، شێخ مەند بە رادەی شێخ رەش لە ژیانی خەڵکی کوردستان دا حزووری هەست پێ کراوی نییە یان نەماوە. لە گەڕان بە ناوی شار و گوند و گۆرستانەکان دا، هەر توانیم ئەوەندە بزانم کە "شێخ مەند" ناوی گوندێکی ناوچەی بازیانە. رەنگە ئەمە نیشانەی باوەڕ بە نەمریی مەند بێ وەک لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژەی پێ دەکەین. بەڵام حزووری زۆر و هەرە بەرچاوی شێخ مەند لە ئایینی ئێزدی و لەو ناوچانەیە کە دانیشتوانەکەی سەر بەو ئایینەن. مرازگەی شێخ مەند لە زۆربەی شار و گوندە قەرەباڵغەکان دا هەیە. لەوانە لە باشیک (بەعشیق)، بەحزان، جدال، خانکێ، مەم شڤان، کانی سەفین و چەندان گوند و شاری دیکە. ساڵانە، دوای سەری ساڵ و چوارشەمما سۆر، خەڵکی هەر کام لەو شار یا گوندە قەرەباڵغانە، وێڕای گوندەکانی دەوروبەر، رۆژێک بۆ زیارەت و تەوافی مرازگەی شێخ مەندی گوند یا شارەکەی خۆیان دیاری دەکەن. بەوە دەڵێن گەڕانی مرازگەی شێخ مەند و بە کۆی زیارەتەکەش کە تێکەڵ بە جێژن و شایی و هەڵپەڕینە، دەڵێن جەما شێخ مەند. ئەم زیارەتگایانە لە راستی دا گڵکۆیان تێدا نییە و زیارەتکەران، زیارەتی گڵکۆ ناکەن. ئەوان تەوافی ئەو چوار دیوارە سەر بە قوببەو گومبەزانە دەکەن کە بە ناوی شێخ مەند کراونەتەوە. سەرەڕای ئەوە بەشێک لە قەول و قەوالی ئایینی ئێزدی پێوەندی بە مەند و دیالۆگی مەند لە گەڵ مەلەک فەخرەدین هەیە. بۆ وێنە قەولێ "بەدر و مەند" کە ئاوا دەست پێ دەکا :

مەند دبێژتێ سلاڤێد مە بدن ژ حەرفە

بینایە دلێ منو ژ هەر دوو تەرفە

خەبیر ب حەموو سەرفە

هەی خەبیر و خەبەرە

هەی شیرۆ نی مەهدەرە

مەلک فەخرەدین ئیمامەی ئی باب زەرە

## یان لە قەولی "دایک و بابا":

ب دەستوری خودێ

مەند ژ شێخ فەخر دپرسییە

تو ب وی کەی ئیلاهی یە

ئەرکانێت ئێزیدیاتیێ چی و چییە؟

شێخ فەخر بانگ دکەت ب سوورە

ژ کەشکولێ دەردئێخت دوورە

بۆ مەندێ خۆ دهوونە و ڤەدچرە

فەروارەک هاتیە ژ ئەزمانا

رێورەسمو حە و سەد بۆ مە دانا

جگە لە جێگەی بەرینی شێخ مەند و وشەی رەش موسحەفا رەش، ئێمە دەتوانین رەگی زیاتری پێوەندیی نێوان بەیتەکە لە گەڵ ئاییینی ئێزدی ببینینەوە. ئەویش لە رێی شێخ ئادی، هادی یان ئایەدیی ناو بەیتەکە کە لەوێدا برا چکۆڵەی شێخ رەشەو لای ئێزدایەتیش شێخادی کەسایەتیی هەرە بە ناوبانگ و مەزارگەی هەرە پیرۆزە .

***

وشەی شێخ و شێخایەتی لە بەیتەکەدا زۆر بەرچاوە. نیزیک بە تەواوی کەسایەتیەکانی ناو بەیت، شێخن. باوە کە دەڵێن شێخ وشەیەکی عەرەبی‌یە. بە گەورەتر، هەرە گەورە، پێشەوا، رێبەر، مامۆستا، کال و پیر واتا کراوەتەوە یان واتای وەرگرتوە. وشەکە لە وڵاتانی جۆراوجۆر دا باوە. بە تایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبی هەر لە لوبنانەوە تا وڵاتەکانی دامێنی خەلیج، پەسنی سەرۆکان و گەورەپیاوانە. لە قورئانیش دا چوار جار وشەی شێخ هاتووە:

یا وَیلَتی أ أَلِدُ وَ أَنَا عَجوزٌ وَ هذا بَعلی شَیخاً (هود:72)

قالوا یا أَیُّها العَزیزُ إِنَّ لَهُ أَباً شَیخاً کَبیراً (یوسف:78)

لا نَسقی حَتّی یُصدِرَ الرِّعاءُ وَ أَبونا شَیخٌ کَبیرٌ (قصص:23)

ثُمَّ لِتَبلُغوا أَشُدَّکُم ثُمَّ لِتَکونوا شُیوخاً (غافر:67)

مەبەستی ئایەی یەکەم ئیبراهیم، دووهەم یاقوب و سێهەم شوعەیبە. بەڵام چوارەم واتای ئەوپەڕی پێگەیشتویی و تێگەیشتویی مرۆڤە. واتە هەم بۆ رێز لە کەسێکی مەزن و هەمیش بۆ دەربڕینی ئاستی پێگەیشتن بە تەمەن و بە

ئاقڵ، به کار هاتووه. بەڵام ئەوانە نابێ ئەرخەیانمان بکا کە وشەکە حەتمەن عەرەبی‌یە .

زمانی عەرەبی چ ئەو ماوە درێژە کە حوکمڕانیی زۆر نەتەوە و زمانی دیکەی کردوە و چ لە جیرانەتیی زمانگەلی تردا، ئەو عادەت و توانایییەی هەیە کە لە هەر زمانێک دا ئەگەر وشەیەک بە سێ پیتی بێدەنگی دەست کەوتبێ و پێویستی بووبێ، هەڵیگرتوەو لە ناخی خۆی دا ناشتوویەتی تا لە ناو زمانەکەدا شین بووەتەوەو وەک وشەیەکی عەرەبی لق و پۆپی دەرکردوە. وشەی شێخ بە ئەگەری بەهێز دەبێ لەو نمونانە بێ.

لە مێژووی ئایینی هۆز و خێڵە جۆراوجۆرەکانی زاگرۆس دا، تووشی ناوی دوو خوای هۆزی کاسی دەبین کە لەم پێوەندیەدا سەرنجراکێشن: خوایەک بە ناوی "ساخ" و خوایەکی دیکە بە ناوی "شێخو". لانیکەم ئەوەی دوایی کە بە وتەی دیاکۆنۆف، خوایەکی زۆر جێگای ڕێز بووە، گۆمان دەخاتە سەر عەرەبایەتیی وشەی شێخ. کاسیەکان بەر لە هاتنی ئارییەکان بە ناوەندێتیی لوڕستان حوکمی ئەو هەرێمەیان دەکرد. ناوی خۆیان بە سەر قەزوێن، کاشان و زۆر شوینی دیکەدا بە جێ هێشتوەو لە گەڵ بابلیەکانیش تێکەڵاویی زۆریان هەبووە. ئەمە دەتوانێ بەڵگە بێ بۆ لەمێژینە بوون و زاگرۆسی بوونی وشەی شێخ و پێمان وا نەبێ کە چونکە بەیتەکە پڕە لە پەسنی شێخ، ئەوە لە ژێر کارتێکەریی زمان و فەرهەنگی عەرەب و هێژەمۆنیی ئایینی ئیسلام دا خوڵقاوە.

***

## بەیت و ئایین

ئەم بابەتە هەوڵ دەدا پێوەندیی نێوان بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش لە گەڵ ئایین تاوتوێ بکاو لە بنەڕەت دا پێی وایە ئەم بەیتە، بەیتێکی ئایینی‌یە. لە بەر ئەوەش پێویستە ئاوڕێک لە پێوەندیی نێوان بەیت و ئایین بە گشتی بدەینەوە .

بەیت بریتی‌یە لە گێڕانەوەی بەسەرهات یا چیرۆکێکی درێژ، یان پێداهەڵگوتن و پەسنی دیاردەیەکی تایبەت کە بە ئاوازێکی سەنگین و بێ ریتم یان بە ریتمێکی خاو دەگوترێ. لە باری ناوەرۆکەوە بەیتەکان دابەش دەبن بە سەر ئەوین، حەماسە، مێژوو، پەسن و پێداهەڵگوتن. هەروەها ئایینیش بەشێکی گرینگ لە ناوەرۆکی بەیتەکان پێک دێنێ. لەم دەلاقەوە رەنگە درووست ترین پێناسە هی سوارەی ئیلخانی زادە بێ کە بەیت بە شێعری گوتار وەسف دەکا. رەنگە مەبەستیی ئەو لە گوتار، درێژیی بەیت بێ بەڵام بارێکی دیکەی ئەم وشەیە، باوەرێکە کە لە ناخی بەشێک لە گرینگترین بەیتەکان دا  هەڵگیراوەو ئەو پەیامە ئایینی یان ئیخلاقی‌یەیە کە بە هۆی ئەم بەیتانەوە بە گوێی خەڵک دەگەیەندرێ.

پێویست ناکا بۆ رابردووی زۆر کۆن و بە دوای ناوەرۆکی ئایینی کۆنی کوردان دا بچین تا پێوەندیی نێوان بەیت و ئایینمان بۆ دەرکەوێ. ئەرکی ئایینی و گەیاندنی پەیامەکانی ئایین، بۆ ئایینی تازەش لە سەر شانی بەیت بەردەوام بووە. هەرچەند بەیت راستەوخۆ وەک بانگەشەدەری

ئایین، لە لایەن ئیسلامەوە، بە رەسمی قەبووڵ نەکرا بەڵام راپۆرتێکیش لە دژایەتیی ئیسلام لە گەڵ بەیت لە دەست دا نییە. ژمارەیەکی زۆری بەیتەکان راستەوخۆ پێوەندییان بە ئیسلامەوە هەیە و لە خزمەت پەرەدان بە بیروباوەڕەکانی ئایینی ئیسلام دان. زۆرێک لەوانەش کە ناوەرۆکیان راستەوخۆ ناچێتە ناو چوارچێوەی بەیتی ئایینیەوە، بە موناجات و خواپەرەستی و وەسفی پیاوچاکان، لەوانە پێغەمبەری ئیسلام و یارانی، دەست پێ دەکەن. ئەوەش کە بە ئیماو ئیشارە نیشانەکانی ئایینی کۆنی تێدا بێ، ئایینی نوێ بە جێی هەوڵدان بۆ لە ناو بردنی، لە گەڵی کەوتووەتە ململانێ و هەوڵی داوە لە ناوەرۆک دا نیشانەکانی ئایینی پێشوو کاڵ بکاتەوەو رەنگی خۆی لە سەر بدا. "سەحەرە" و "سەیدەوان" دەکرێ لەو نمونانە بن. هەڵبەت ئایینی نوێ یەکشەوە بە سەر کۆمەڵگا دا نەسەپاوە و زۆر جار بە شێنەیی پاشەکشەی بە ئایینی کۆن کردوە یان لە خۆی دا هەزمی کردوە. هەر بۆیە لە ئایینە تازەکان دا زۆر جار ئاسەواری ئایینی کۆن بە هەراوی هەیە. ئەم رەوتە شێنەییە یارمەتیی کردوە کە بەیتی پێوەندیدار بە ئایینی کۆن بتوانێ لە گەڵ ئایینی نوێ خۆی بگونجێنێ و درێژە بە ژیان بدا. بۆ وێنە بەیتی بەرباسی ئێمە لە گەڵ ئەوەدا کە بەیتێکی میتراییە، لە سایەی پەسنی شێخ و ناوی شێخ و مشایخانەوە، بە رواڵەت لە گەڵ ئایینی ئیسلام تەبا هاتۆتەوە و توانیویەتی بژی و بمێنێ. دیارە ئەگەر بەیتێکیش راستەوخۆ لە خزمەت ئایینی کۆن دا بووبێ، ئەوە لە لایەن ئایینی نوێوە مەحکووم بە مەرگ و فەنا بووە و گوتنەوەی لە لایەن بەیتبێژ، بە پێی ئایینی تازە کفر و گوناهی گەورە بووە بەڵام ئێمە نمونەی ئاوامان لە بەر دەست دا نییە.

جگە لە ناوەرۆک، وەک لە سەرەتاوە گوترا، لایەنێکی دیکەی بەیت، ئاواز و هەواکەیەتی. هەوایەکی سەنگین و خاو کە بۆ "بەزم و ڕەزم" نابێ. ئەمەش وای کردوە کە بەیت رووبەڕووی ئایینی نوێ کە دژی موزیکە، نەبێتەوە. بەڵام وێناچێ ئایینی کۆن کە مەبەستی ئێمە میترائیسمە، دژی موزیک و گۆرانی بووبێ و تەنانەت وێدەچێ لە موزیک و گۆرانی بۆ بانگەشەی ئایینیش کەلکی وەرگرتبێ. کلیسا، کە بەشی زۆری راسپاردەکانی میترایی تەنانەت رۆژی لەدایکبوونی میتراشی بۆخۆی گل دایەوە، بە ئەگەری زۆر موزیکیشی لە میترائیسم وەرگرت. موزیک هەروەها لە ئایینە کۆنەکانی یارسان، کاکەیی، عەلەوی و ئێزدی دا، رۆڵی زۆر گرینگی هەیە. تەمبور سازی هاوبەشی هەموانە. لای ئێزدایەتی دەف و شمشاڵ (دەف و شبێب) بۆ خوێندنەوەی دەقە ئایینیەکان برەوی زۆری هەیە. ئەم دوو ئامێرە لە موکریانیش، سەرەڕای گۆڕانی دین و ناسازگاریی دینی نوێ لە گەڵ موزیک، بە تەواوی لە جەغزی ئایین وەدەر نەنراون .

لە ئۆلی ئێزداتی دا، بەیت لە گەڵ قەول و دوعا، راسپاردە و پەیامە ئایینیەکان پێک دێنن. ئەگەر قەول زیاتر خوێندنەوەی ئاسایی هۆنراوە ساکارە ئایینیەکانە، بەیت بە سۆز و ئاواز دەخوێندرێ و زۆربەیان جۆرێک چوارخشتەکین کە سێ تاکی یەکەم لە گەڵ یەکتر و تاکەکانی چوارەمی خشتەکان لە گەڵ یەکتر، هاوسەروان. لەوانە بەیتا شێشەمس یا بەیتا سبێ، بەیتا هیفارێ، بەیتا لالش و... هەرچەند ناوەرۆک و شێوازی بەیتی ئێزدی جیاوازیی بەرچاوی لە گەڵ بەیت لە موکریان هەیە .

ئەگەر لە ناوەرۆکی بەیتەکانی موکریانیش ورد بینەوە، زۆربەی ئەوانەی لە قالبی گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات دا داڕێژراون و بەم هۆیە کەمتر گۆڕان بە سەر ناوەرۆکیان دا هاتووە، ناوەرۆک و پەیامی ئایینیان دەخۆ دا هەڵگرتوە. هەرچەند سەلماندنی ئەمە پێویستی بە ناسینەوەی سەرلەنوێی ئایینی کۆن، لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بەیتانەو بەراوەرد کردنی پەیام و ناوەرۆکی بەیتەکان لە گەڵ ئایینە کۆنەکان هەیە.

بە گشتی زۆر نیشانە پێمان دەڵێن کە دین لە ناو کوردان دا، بە مەبەستی بانگەشە و گەشەی خۆی، کەلکی لە بەیت وەرگرتوە. هەرچەند لێمان روون نییە کە ئاخۆ بەیت لە دەرەوەی دین و ئایین، لە کۆمەڵگا دا گوورا و دواتر ئایین بۆ خزمەتی خۆی بە کاری برد یان نا هەر لە بنەڕەت دا ئەوە ئایین بوو کە بەیتی بۆ بانگەشەی راسپاردەکانی خۆی، خوڵقاند.

***

## کورتەمێژوویەکی ئایین سەبارەت بە بەیتێکی ئایینی

دەروونناسانی مێژویی دەڵێن مرۆڤ لە بەرەبەیانی خولقانیەوە هیچکات بێ دین و ئایین نەبووە. بە تایبەت لەو کاتەوە کە قۆناخی گەشەی مرۆڤایەتی دەستی پێ کردوە، ئایین بەردەوام فاکتەرێکی گرینگ لە گەشەکردنو لە شکڵ دان بە شوناسی مرۆڤ بووە. ویل دۆرانت دین بە بەرهەمی ترس دەزانێ و بەو پێیە لەوەتا ترس لە ناخی مرۆڤ دا هەیە، دینیش هەیە. ترس لە ئاژەڵی دڕندە، ترس لە بەڵای سروشت، لە برسیەتی و تینویەتی و لە سەرووی هەموان ترس لە مەرگ. ئەمەی دوایی بیری مرۆڤی بەرەو دۆزینەوەی پرسیاری لە کوێوە هاتووەو بۆ کوێ دەچێ، برد. پرسیارێک کە مرۆڤ تا ئیستاش نەیتوانیوە وڵامێکی یەکلاکەرەوەی بۆ بدۆزێتەوە بەڵام بووە بە بناخەی زۆربەی دین و ئایینەکانی جیهان.

دین یان ئایین لە سەرەتاوە سادەو ئەمیش دەرەنجامی خەیاڵ و خەون بوو. لە حاڵێک دا جەستە هەر لە جێی خۆی بوو، خەیاڵ سەری لە هەوران دەسوا و خەون بۆ جیهانێکی دیکەی دەبرد. ئەم چوون و دەرچوونی خەون و خەیاڵە ناوی رۆح یا گیانی لێ نرا. رۆح پەرەستی بە یەکەم ئایینی مرۆڤایەتی دەزاندرێ. مرۆڤی سەرەتا پێی وا بوو دەوروبەری پڕە لە رۆح کە ئەو ناتوانێ بیانبینێ. رۆحەکانیش وەک مرۆڤ وان. چاک و خراپیان تێدا و بە سەر رۆحی

خاس و رۆحی خراو دا دابەش دەبن. بەشێکیان لاشەڕ، بێ ئازارو بە بەزەیین، مرۆڤیان خۆش دەوێ و پشتیوانی لێ دەکەن. بەشێکیشیان شەڕانین و ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ رازییان بکا، ئەوە زیانی پێ دەگەیەنن. لەوەوە ئانیمیسم یا رۆح و جانپەرەستی داکەوت. وشەی "جن" لەو باوەڕەو لە وشەی "جان" داکەوت. کە خورافات پەرەی گرت، دەلاڵیش پەیدا دەبێ. کەسانی ئاقڵ و فێڵباز توانیان کەلک لەو باوەڕە وەرگرن و سواری شانی خەڵک بن. ئەوان ئیدیعایان کرد کە لە بەرامبەر دیاری و سەرقەڵەمانەدا دەتوانن لە گەڵ جن قسە بکەن، پەیام و داوای ئەوان بۆ خوازیاران بێنن و لە بەری بپاڕێنەوە یان فەرمانی پێ بدەن کە خراپە نەکاو تەنانەت چاکەشیان پۆ بکا. ئەم کارە ناوی لێ نرا "جادوو" کە لە تێکەڵاوی وشەی "جان" و کرداری "دوان"، "جان دوو" بە واتای کەسێ کە دەتوانێ لە گەڵ جن بدوێ، ساز کرا. بەرەبەرە جادوو بوو بە پیشەو جادووگەر بوو بە بکەر.

بەشێک لە لێکۆڵەرانی مێژوو ئانیمیسم یان گیانپەرەستی بە یەکەم ئایینی مرۆڤ نازانن و پێیان وایە بەر لەوە فەتیشیسم ئایینی مرۆڤ بوو. فەتیش بریتی بوو لە موورو، کووژەکە، ورکە بەرد، بەردەمۆرە و شتی لەو بابەتە. ئەمانەیان لە نێو قەڵشت و هولۆڵە بەردان دادەنا و هەر خۆیان دواتر دەچوون دەستیان تێوەردەدا و لە سەر سەریان دادەنان و ماچیان دەکردن. بەو جۆرە ئەم کەلوپەلانە رۆحیان پێ درا، پیرۆز کران و بن بەرد و ئەشکەوتیش بوون بە جێ نزرگەو پەرستگە. ئەم کەلوپەلانە هەتا ئێستاش کەم و زۆر بە پیرۆزی ماونەتەوە. وەک تەسبیحی تەلیلە، کووژەکەی سەری منداڵ، بەردەمۆرەی نوێژ و.. لە تێکەڵاکردنی ئانیمیسم و فەتیشیسم، بۆت پەرەستی داکەوت. واتە کەلوپەل یان پەیکەرێکی بەردین، ئاسنین، مەفرەقین و.. کە دەسکردی مرۆڤ

خۆی بوو، لە زەینی ئەو دا رۆحی هەبوو، لە کاتی تەنگانە یان بۆ نیاز، نەزری لێ دەخوازرا.

لە ناو ئایینە سەرەتاییەکان دا، تۆتەمیسم یەکێک لە پەرەگرتوترینیانە. لە تۆتەمیسم دا خێڵ، هۆز یا قەبیلە ئاژەڵ یا گیانداریکی دیاریکراو دەپەرەستن و ئەم گیاندارە دەبێ بە تۆتەمی تایبەتیی ئەو قەبیلەیە. مەگەر لە جێژنێکی سالآنەدا کە تایبەتی بۆ ئەو گیاندارە وەڕێیدەخەن ئەگینا گۆشتەکەی ناخۆن و خۆیان بە منداڵی تۆتەمی خۆیان دەزانن. تاکەکانی سەر بە تۆتەمێک دێن و دەڕۆن بەڵام ئەوانەی چوون و ئەوانەی هاتن و ئەوانەی دێن لە دەوری ئاڵای شەکاوەی تۆتەم دا خۆیان دەبیننەوەو بەم جۆرە تۆتەم رەمزی زیندوومانەوەی هۆزە. تۆتەم بۆ هۆز و قەبیلە هەر وەها نیشانەی جوانییە. کەسانی سەر بەو هۆزە وەک ئەو گیاندارە خۆ دەڕازێننەوە، هەڵسوکەوتیان وەک ئەو لێدەکەن و لاسای دەکەنەوە. دانانی پەیکەری کەڵەشێر لە سەر بان و بەرزی یان کێشانەوەی ئەو رەمزانەی لە شکڵ و شاخی گا وەرگیراون بۆ بیناسازی، شای ماران لە گوڵدۆزی، ئاسک یان بزنە کێوی لە سەر تەنراو و چنراو، نەخواردنی گۆشتی کەڵەشێر لە ماوەت، نەخواردنی گۆشتی بزنەکێوی لە ناو هۆزی باونەی دۆڵی رۆستی باڵەکایەتی و قوربانی کردنی گا لە جێژنی پیرشالیار هەموو نیشانەی ئەوەن کە ئەو گیاندارانە سەردەمانێک لە کوردستان تۆتەمی هۆز و خێڵە کوردیەکان بوون.

وەک لە سەرەتادا باس کرا، ترس لە ئێستا و نیگەرانی لە داهاتوو، رۆڵی گرینگیان لە خوڵقانی ئایین و دین دا هەبوو. سروشت وەک سەرچاوەی شەڕ

و خێر، ناخۆشی و خۆشی، تەنگانە و فەرحانە، سەرما و گەرما دەوری گرینگی لەم ترس و نیگەرانیە و سەرەنجام لە پێکهێنانی دین و ئایین دا هەبووە. مرۆڤ فێر بوو کە لە خێر و بێرەکانی سروشت بۆ ژیان کەلک وەرگرێ و لە بەرامبەر هێزی شەڕ وماڵوێرانکەر دا خۆ بپارێزێ. ئەم جووتەی خێر و شەڕە کە بەردەوام لە ژیانی مرۆڤ دا دووپات دەبنەوەو لە بەرامبەر یەکتر دا راوەستاون، بەرەبەرە ئەو باوەڕ و ئایینەیان لێ کەوتەوە کە بۆ هۆکارە سودمەندەکان خوایەک و بۆ سەرچاوەی خراپەکانیش خوایەکی دیکە هەیە. خوای خێر، خوای چاکە و پاداشەو خوای شەڕ، خوای خراپە و سزا. تەنانەت ئەو بۆچوونەشی لێ کەوتەوە کە خوداکان لە گەڵ یەکتر لە شەڕ و ململانێ دان. یەکەمیان لاگری مرۆڤە و دووهەمیان دژ. لە گەڵ بەرەوپێشچوونی زەمان و گەشەکردنی مرۆڤایەتی، خوای دیکەش زیاد کران وەک خوای راستی و پەیمان، خوای شەڕ و بەرگری، خوای باران و کشتوکاڵ، خوای خۆشەویستی و ئەوین، خوای پارێزەری ڕانەمەڕ، خوای ئاگر، خوای با و تۆفان و.. بەرەبەرە ئەم خوایانە بە سەر دوو دەستەی خودایانی خێر و چاکە لە لایەک و خودایانی شەڕ و خراپە لە لاکەی دیکە دابەش کران. ئەمە بنەمای باوەڕ بە دوانەی خێر و شەڕ یان "ثنویت"ە. بە پێچەوانەی ئەو باوەڕە کە خێوی خێر بە رەسەن و شەڕ بە بە لقێک لە خێر دەزانێ کە ئەوەش بنەمای تاکپەرەستییە.

خێر و شەڕ و نالێکیەکانی پێوەندیدار بە سروشت، بیری دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو نالێکی و دژبەرانەی لە مێشکی مرۆڤ دا چاند. مرۆڤ بە دوای دۆزینەوەی سەرچاوەکانی خێر و شەڕ دا رووی لە ئاسمان و ئەو شتانە کرد کە شەوان و رۆژان دەیانبینێ. باران، بەفر، با، هەور، بریسکە، تیشک،

تریفه و زۆربەی خێر و شەڕە سروشتیەکانی دیکەش لە ئاسمانەوە دادەبارن. بارین و نەبارینی ئەوانە کە راستەوخۆ لە سەر ژیانی مرۆڤ شوێندانەرن و زۆر جار ژیان و مەرگ یەکلایی دەکەنەوە، ئایینی سروشتپەرەستی لە سەر دامەزرا. خۆر، مانگ، ئەستێرە و هەسارەکانی ئاسمان بە سەر ئەم دوو هێزەدا دابەش کران. هەوڵدان بۆ پێشبینی کردنی بارین و نەبارینی ئەم خێر و شەڕانە، بە پیاوانی ئایین سپێردرا و لە سەر ئەم بنەمایانە زانستی ئەستێرەناسی گوورا.

ئەم پێشەکی‌یە کورتە بۆ ئەوە بوو کە بڵێم لە کۆی هەموو ئەوانەی تا ئێستا گوتران، میترائیسم وەک دین و ئایین شکڵی گرت. ئایینێک کە لە سەر فەرهەنگی بەشێکی گرینگ لە جیهان و لە سەر ئایینەکانی دواتر شوێنی دانا و ئەگەرچی دوای پەرەگرتنی دینە ئیبراهیمی‌یەکان، لە ریزی ئایینە ئاسمانیەکان وەدەرنرا و هەوڵ درا لە بیر بچێتەوە بەڵام شوێنەواری هەتا ئێستاش دیار و بەرچاوە.

***

## میترائیسم

ئایینی کۆنی کوردان بابەتێکە کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی پێویستی لە سەر نەکراوە. ئایینێک کە بە درێژایی سەدان ساڵ کۆمەڵگای کوردستانی رێکخستوەو سروشتی‌یە شوێنەواری زۆری لە سەر فەرهەنگ، ئیخلاق، کەسایەتی، هەڵسوکەوت، زمان و وشەی ئێمە بە جێ هێشتوە بەڵام ئێمە لێی

بێ خەبەرین. ئەو پرسیارە کە بەر لە هاتنی ئیسلام و بەر لەوە کە ئەم ئایینە بە خوایشت یان بە زۆری، ببێ بە ئایینی بەشی هەرە زۆری کوردان، ئاخۆ کورد چ دین یان دینگەلێکی هەبووە، بێ وڵامە. زۆر جار پێمان گوتراوە کە کورد بەر لە ئیسلام زەرتۆشتی بووە. گەرچی سەرچاوەی زۆرێک لە وشەکانی زمانی ئاڤێستا لە زمانی کوردی دا دەدۆزرێنەوە بەڵام راسپاردەکانی زەرتۆشت و ئاسەوارەکانی ئایینی زەرتۆشتی لە ناو فەرهەنگی کوردستان دا بەو رادەیە رەنگی نییە و نابیندرێ. ئەگەر بە دوای پاشماوەی ئاتەشکەدە زەرتۆشتیەکان لە کوردستان دا بگەڕێین، جگە لە چەند وێرانەیەک لە ناوچەی هەورامان و هەوشار، یان ئەو ناوچانەی دواتر بە فارس یا تورک کران، شتێکی زیاتر نابینین. بە واتایەکی دیکە لە کوردستان هەتا بەرەو باکوور بچین، ئاسەواری زەرتۆشتی کەمتر دەبێتەوەو لە بەرامبەر دا پاشماوەکانی ئایینی دیکە هەن کە هەتا ئیستا لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ لەم بارەوە نەکراوە.

بە دوای پێوشوێنی ئایینی پشت بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش، هەوڵم دا بەیتەکە لە گەڵ زەرتۆشتی، ئیسلامی و تەنانەت مەسیحی هەڵسەنگێنم بەڵام تەبایی ئەوتۆم لە نێوان بەیتەکەو هیچکام لەو ئایینانە دا نەدۆزیەوە. بە تایبەت ئەو گرینگایەتیەی کە خۆر و مانگ لەو بەیتەدا هەیانە، گومانی منی بەرەو ئەوە برد کە رەنگە بەیتەکە بە جۆرێک پێوەندی بە ئایینی میترابیەوە هەبێ. خۆر لەو ئایینەدا پلەی هەرە بەرز و هی میترایەو مانگیش جێگەو پێگەی بەرزی هەیە.

میترائیسم لە کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە. کۆنترین بەڵگەی مێژویی پێوەندیدار بەو ئایینە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەویش قەباڵەیەکە

له شاری خاتوشای پێتەختی هیتی کە ڕێککەوتننامەی نێوان ڕێبەرانی دوو دەسەڵاتی هیتی و میتانی‌یە. لەو ڕێککەوتننامەیەدا دوو لایەن بە میترا، وارونا و ئیندرا سوێند دەخۆن کە بە ڕێککەوتنەکە وەفادار بمێننەوەو ئەوان بۆ مانەوە لە سەر پەیمان و بەڵێنیان لە گەڵ یەکتر، بە شاهید دەگرن. بەڵام مێژووی میترا رەنگە بۆ زۆر کۆنتر لەوەش بگەڕێتەوە .

میترا، میثرا، مێهر، مەهر، مێر، مەتەر و مەتەرا بەشێک لە شێوەکانی وشەی میتران. میترا یان مەتەرا واتای دایکە. هەمان وشە کە لای فارسەکان "مادەر"ە. وشەیەکی هیندوئوروپاییە کە لە زمانی ئینگلیزیش دا Motherە. لە زمانی کوردی دا وشەکە، بە تەنێ یان بە تێکەڵبوون لە گەڵ وشەی دیکەدا ماوە. بۆ وێنە ئەو "مەتەرێ"یەی کە منالانی کورد نەورۆزانە ماڵ بە ماڵ دەیڵێنەوە بێ ئەوەی بزانن واتای چییە و لە کوێوە هاتووە، هەمان میترایە:

**هەتەرێ، مـــــــــــــــــەتەرێ**

**شتێکمان بۆ بخەنە بن چەپەرێ**

دوای تێپەڕبوونی زستانی سارد و تاریک، منالان مزگێنیی هاتنی بەهار و دەرکەوتنی خۆر (مەتەرێ) دێنن و و بۆ ئەوە داوای جێژنانە دەکەن.

مرۆڤی سەرەتا بە دوای بنەچە و رەسەنی خۆی دا پێی وا بوو مرۆڤ لە دایکێکی ئاسمانی کەوتۆتەوەو لە مەتەرێکی ئاسمانی لەدایک بووە. بەم دایکە ئاسمانیە خەیاڵیەیان وتووە میترا یان ئاڵامیترا بە واتای دایکی سەروو یا دایکی

بان یان دایکی ئاسمان. ڕەنگە ئەو باوەڕە کە دەڵێن "ئاڵ" زارۆکی زەیستان دەباتەوە، لە هەمان باوەڕی دایکە ئاسمانیەکەوە هاتبێ کە منداڵ بە هی خۆی دەزانێ و هەوڵ دەدا بیباتەوە.

پێ بە پێی بەرەوپێشچوونی زەمان و گەشە و گۆڕانی کۆمەڵگا و ئایین، میتراش گەشەی پێ دراوە. لە باوەڕەوە بووە بە ئایین. ئایینی نەتەوەکانی دەوروبەر کاریان تێ کردوە. یاسا و ڕێسای بۆ داندراوەو چیرۆک و ئوستورەی لێ ساز کراوە. میترای دایک لە کۆمەڵگای دایکمەزنیی سەرەتادا، ژنە. لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵ و گۆڕانی باری ئابووری و سەرچاوەی بژیو، لە ژنەوە بۆ خوایەک کە نێر و مێیەتی روون‌و ڕەنگە گرینگ نییە، گۆڕاوەو دواتر بۆ میترای پیاو کە خەریکی کوشتنەوەی گایە، ئاڵوگۆڕی بە سەر هاتووە. ئەم گۆڕانە مێژووییە کە دەبێ ماوەیەکی چەند هەزار ساڵی خایاندبێ، لە گەڵ دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە نێوان ژن و پیاو لە بنەماڵە، لە کۆمەڵگا و لە دەسەڵات و لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا دا، ئەمیش گۆڕاوە. هەڵبەت گۆڕانەکە لە هەموو شوێنێک وەک یەک و یەکسان نەبووە. میترائیسم بە گشتی دینێکی خاوەن کتێب و بە پێی نووسراوەی روونی ئایینی نەبووە تا بە یەکسان گۆڕدرابێ. داب و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی ئەم ئایینە زیاتر بە شێوەی زارەکی و لە ڕێی فێربوونی وەچەیەک لە وەچەی پێش خۆی، سینگاوسینگ گوازراوەتەوە. لە گەڵ ئەوەش دا ئایینێکی بە ڕەمز و ڕاز بووەو بڕینی پلەکانی ئایینەکە وەک حەوت خانی ڕۆستەم وا بووە. هەر ئەوانەش هۆکارن کە ئەمڕۆ زانیارییەکانی ئێمە لەو ئایینە یەکجار کەم و ناکاملن.

سەبارەت بە دەورەکانی یەکەم و دووهەمی میترائیسم زانیاریی زۆر لە بەر دەست دا نییە. زیاتر لە هێندێک ئاسەواری مێژوویی، داب و نەریت و وشەدا ماوەتەوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتە. ئەو زانیاریانەی کە هەن زیاتر لە سەر قۆناخی سێهەمی میترائیسمە. ئەویش دوای ئەوەی لە لایەن سەربازانی رۆمەوە بۆ ئورووپا پەلی هاویشت، مێهراو و مەرەگەی بۆ داندراو لە حاڵێک دا کە خەریکی کوشتنەوەی گایە، پەیکەری بۆ رازایەوە.

بە پێی ئەفسانەی ئایینی میترایی، میترا لە قەڵشتە بەردێکەوە هاتە ناو ئەم جیهانەوە. لە حاڵێک دا کە رووت و تەنیا کڵاوێکی فەرەنجی لە سەر، خەنجەر بە دەستێکەوەو چۆڵەچرای بە دەستی دیکەوە بوو. بە گێڕانەوەیەک دوو شوان ئاگایان لەم پەیدا بوونە بوو و یەکەم کەسانێ بوون کە چاویان بە میترا کەوت و ئیمانیان پێ هێنا. ئەم ئوستورەی پەیدابوون لە بەرد، لە زۆر چیرۆکی کوردیش دا دووپات کراوەتەوە. میترا لە یەکەم هەنگاو دا گایەکی گرت، لە بەردەم ئەشکەوتێک دا بە خەنجەرەکەی سەری بڕی و بە خوێنەکەی دەشت و دەری پاراو کرد. هەر جێیەک خوێنی ئەو گایەی لە سەر نیشتبێ، ئەوە مێرگ و مەزرایەو خاکی بە پیت و بەرەکەتە. رەنگە وشەکانی مێرگ (مێهرگ) و مەزراش (مەترا/مەثرا) پێوەندیان بە وشەی میتراوە هەبێ. تایبەتمەندیی میترا لە سەوز کردنی دەشت و دەر، رەنگە هۆکار بووبێ تا پێڕەوانی ئایینەکە پێشوازیی لە "خضر"ی عیبری و یەهوودی بکەن و خدری زیندەو خدر ئەلیاس تا ئێستاش لە ناو باوەڕی کوردان دا جێگە و پێگەی تایبەتییان هەبێ.

زۆربەی ئەو پەیکەرانەی لە ئورووپا بۆ میترا ساز کراون، میترا لە حاڵی کوشتنەوەی گاکەدا پێشان دەدەن کە مارێک و سەگێک خەریکن خوێنی گاکە

دەخۆنەوەو دووپشکێک خەریکە گونی بخوا. دوو کەس کە یەکیان نیشانەی خۆر و ئەویدی هیلالی مانگی بە سەرەوەیە، کوت و کوتوپاتن کە لەم بەر و ئەو بەری ڕاوەستاون. میترا دوای قوربانی کردنی گاکە، لە ئەشکەوتەکەدا و لە گەڵ یارانی، شیوی دوایی کە لە گۆشتی گاکە و خواردنەوەی هوم کە بە خوێنی گاکە گیراوەتەوە، دەخۆن. بەم جۆرە میترا ژیان لە سەر هەرد دەخولڤێنێ و بەرەو خۆر دەگەڕێتەوە. وێدەچێ دوای گەڕانەوەی، بەڕێوەبەریی جیهانی بە خێوەکانی مانگ و خۆر و چوار پلەکەی دیکە سپاردبێ و خۆی وەک داوەرێک ماوەتەوە.

پلەکانی ئایینی میترائیسم حەوت پلەن کە لەوانە چواریان زەمینی و سێیان ئاسمانین. پلە زەمینیەکان بریتین لە خاک، ئاو، با، ئاگر. لە دوای ئەوان سێ پلەی ئاسمانی بریتین لە مانگ، خۆر و لە سەرووی هەمووشیان میترا. میترا خۆی مەسکەنی لە خۆرە و هەسارەی تایبەتیی ئەو پلەیەی کە نوێنەرایەتی ئەو لە سەر هەرد دەکا، ئەستێرەی خۆر یان ئەستێرەی بەربەیانە.

## پلەی یەکەم: کۆراخ یا قەل Korax

یەکەم پلەی ئایینیی میترا، لە ڕۆژئاوا بە "کۆراخ" ناسراوە کە واتای قەلەرەشە یان قەلەباچکەیە. ئەم پلەیە خێوی با و هەوایە. لە ئەفسانەی میترادا، قەلەباچکە، میرزا و موباشری میترایە. ئەو پەیامی خوای بۆ میترا هێنا. گرێدراوی هەسارەی تیر یا عەتارۆد یان مێرکوری‌یە کە لە زمانی کوردی دا ناوی زاڤ یان زاڤری لە سەرە. ئەم هەسارەیە بە پەیکی خودایان ناسراوە. گیانداری تایبەت بەم پلەیە قەلەرەشە یان قەلەباچکەیە. لە سەر هەرد و لە مێهراوی میترا

دا، ئەو کەسەی بەم پلە ئایینی‌یە دەگا، دەمامکی وەک قەلەباچکە لە روخساری دەدرێ و ئەرکی خزمەتکردنی مەرەگە یان مێهراوی لە سەر شانە. نیشانە تایبەتیەکەی دارێکە کە دوو مار لە دەوری پاپۆکەیان داوە.

## پلەی دووهەم نێمفوس (Nyemphus)، هاوسەر یان دەزگیران

 وێدەچێ پلەی تایبەت بە ژنان بێ ئەگەرچی زۆربەی لێکۆڵەران نکۆڵی لەوە دەکەن کە ژن لەو ئایینەدا رۆڵی هەبووبێ. بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەوان لە سەر بنەمای ئاسەوارەکانی میترائیسمی رۆژئاواییە کە رەنگە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. بەڵام بۆ وێنە لە ئایینی یارسان کە رەگی لە ناو میترائیسم دایە، بەردەوام ژنێک لە گەڵ شەش پیاو، هەفتەن یا هەفتەوانەی پێک هێناوە و ئەوەش دەکرێ لە میترائیسمەوە بە میرات بۆ ئەم ئایینە مابێتەوە. پلەی هاوسەر لە میترائیسم دا پێوەندی بە ئاو هەیە و خێوی ئاوە. دابی بووکەبارانە بۆ پارانەوەی باران لەو خواژنەیە. گرێدراوی هەسارەی زۆهرە، ڤینۆس یا ناهیدە. گیانداری تایبەت بەم پلەیە لە رۆژئاوا سیسارکە کەچەڵە بوووە بەڵام مەرج نییە لە رۆژهەڵاتیش هەمان بووبێ. (بابەتی سزای راوی کەڵەکێوی)

## پلەی سێهەم: جەنگی یا سەرباز Miles

میترا بە خوای هەمیشە سەرکەوتوو و قەت نەشکاو لە مەیدانی شەڕدا بەناوبانگە. پشتی یارانی خۆی دەگرێ و بۆ سپاکەی هێز و مەتەرێزە. سەرباز گرێدراوی هەسارەی مارس یا مێریخە و خێوی خاکە. کەسانێ کە پلەی

سەرباز وەردەگرن، نێوچاوانیان مۆری میترای لێ دەدرێ. نیشانەی تایبەتیی سەرباز رمب و کڵاوقوتە. ئەوانەی ئەم پلە ئایینیە وەردەگرن دەبێ لە ئەزموونی قورس و گران تێپەڕ بن و دوای هەموان غوسڵیان پێ دەکرێ. بەو واتایە کە لە گوناهان دەشۆردرێنەوە. سەربازان لە دوو بەرەی مەیدانی جەنگی راستەقینەو مەیدانی جەنگ لە گەڵ هێزە ئەهریمەنیەکان دا بە یاریی میترا و بۆ دینی میترایی لە جەنگ دان. زۆربەی هەرە زۆری پیر و پیاوچاکانی کوردستان کە گڵکۆ و زیارەتگایان هەیە، لە ریزی سەربازانی میترا دان. ئەمە رەنگە لەم بۆچوونەوە هاتبێ کە پیاوانی سەر بەم پلەیە گرێدراوی خاکن.

## پلەی چوارەم: شێر Leo

بەرزترین پلەی ئایینی میترایی لە سەر هەرد، شێرە. پێوەندی بە ئاگرەوە هەیە. شێر وەک بە هێزترین، گیانداری تایبەتێتی. گرێدراوی هەسارەی ژوپیتێر یا موشتەرییە. نیشانە تایبەتیەکەی بێڵێکی بچووکە کە ئاگری پێ رادەگوێزێ. پێش ئەوەی ئیجازە وەرگرێ، دەستانی بە هەنگوین دەشۆردرێ کە واتای پاک بوونەوەی لە گوناهانی کراو و دووپات نەکردنەوەیانە. ئەو شوێنانەی پەیکەری شێری لێیە پێوەندی بە پیاوانی گەیشتو بەو پلە ئایینیەوە هەیە.

## پلەی پێنجەم: پارێزا Perses

نوێنەرایەتیی مانگ لە سەر هەرد دەکا. پارێزەری میوەو خەڵەو خەرمانە. پێوەندی بە درەخت و گیاو گیاندارانی بە کەڵکیماڵی هەیە. داس و هیلالی

مانگ نیشانەی تایبەتیی ئەون. لە رۆژئاوا بە "پریسیس" ناسراوەو فارسەکان بە پارسا و هێندێک جار بە پارسی واتایان کردوەتەوە بەو نیەتە کە ئەمە لە وشەی فارسەوە وەرگیراوە. بەڵام گومانی زیاتر ئەوەیە کە وشەکە "پارێزا"، بکەر لە کرداری پاراستنە وەک چۆن مانگ خێوی پاراستن و پارێزگاری لە سروشت و ژیانە.

## پلەی شەشەم: پەیکی خۆر یا خۆرپەیک Heliodromus

لە رۆژئاوا بە هێلیودرۆموس یان پەیکی خۆر ناسراوە. گرێدراوی ئەستێرەی رۆژێیە و نوێنەرایەتیی خۆر دەکا. قامچی، چەڵەمەو چۆڵەچرا نیشانەکانی تایبەتیی ئەون. ئەمانەش نیشانەی دەهاناوەچوونی میترا بۆ گرتن و کوشتنەوەی گاکەن. رەنگە قوربانی کردنی ساڵانەی گا، ئەرکی ئەو بێ.

## پلەی حەوتەم: پیر Pater

بەرزترین پلەی ئایینی میترا، "پیرە" کە لە سەر هەرد نوێنەرایەتیی میترا دەکا. پیر و پێشەنگی مریدانە. مریدان ئەو بە ناوی پیر و یەکتر بە ناوی برا یان برای دینی بانگ دەکەن. پارێزەری بەرژەوەندیەکانی میتراپەرستانەو گوچان و ئاڵقە نیشانەکانی تایبەتیی ئەون. هەموو کاروبارە ئایینیەکان بە سەرپەرەستیی ئەو و لە ژێر چاوەدێریی ئەو دا رادەپەڕن. شارەزاییەکی زۆری لە ئەستێرەناسی دا هەیە. ئەوەش بە سەرنجدان بە پێوەندیی زۆری نێوان ئایینی میترایی و ئەستێرەناسی و ئەوە کە هەر کام لە حەوت پلەی ئایینەکە پێوەندیان بە هەسارەکانی ئەسمانەوە هەیە، یەکجار پێویستە. ئەو گڵکۆ و زیارەتگایانەی

پێشگری پیریان هەیە، پێوەندیان بەو پلە بەرزەی ئایینی میترایییەوە هەیە. پیر هەروەها لە عیرفان و سۆفیگەریش دا ماوەتەوە کە وەک پیری موغان، هەر وا بەرزترین پلەیە.

ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە میترائیسم گوترا، ئەگەرچی زانیاریی زۆر سەرەتایی لە سەر ئایینەکەن بەڵام لە چوارچێوەی مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بەیتەکە دایە.

❊❊❊

## شێخی مانگ و شێخی رۆژ

زۆر نیشانەی ناو بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش پێمان دەڵێن کەم ئەم بەیتە، بەیتێکی ئایینیە. بەیت پڕە لە شێخ و مشایخ. هەر لە شێخ جافری باوکی شێخ مەندەوە تا ئەو لەشکرە شێخ و مشایخەی بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی مەند لە رەش، لێک کۆ دەبنەوە. یان ئەو سێ کەسایەتییە مەزهەبی‌یەی کە بە میوانی روو لە ماڵی شێخ جافر دەکەن و هەڵڵا سەرەکیەکەش دوای هاتنی ئەوان ساز دەبێ. بەڵام ئایینی ناو بەیتەکە وەک بەیتە مەزهەبیەکانی دیکە ناچێ. نە وەک بەیتەکانی شێخی سەنعان و زەمبیل فرۆش لە بەشی سۆفیگەری و عیرفانی دا پۆلێن دەکرێ و نە بە پێی بەیتەکانی لە گوێن سائیل و محەممەد حەنیفە یان فەتحی قەڵای خەیبەر پێوەندیی راستەوخۆی بە ئایینی ئیسلام و بە رووداوێکی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام وەک ئایینی باوی ئەم سەردەمەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. کەواتە بە دوای ئەو ئایینە دا کە بەیتەکەی لێ هەڵقولاوە، دەبێ بۆ مێژوویەکی کۆنتر بگەڕێینەوە. مێژووی پێش ئەو سەردەمە کە کوردانی نیشتەجێی ئاخێزگەی بەیتەکە دینی کۆنی خۆیان بۆ دینی نوێی ئێستا بە جێ نەهێشتبوو. بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ لە ئایینی پێش ئیسلامی کورد نەکراوەو ناوی ئەم ئایینە یان باوەڕ و داب و نەریتەکانی لە ئێمە روون نییە .

گوترا کە میترائیسم ئایینی رەمز و راز و نەنووسراوە. خاوەن کتێبی تایبەت و نووسراوەی بڵاوکراوە نییە. راسپاردەو گێڕانەوەکانی سینگ بە سینگ گواستراونەتەوە. وێرد و دروشمەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی رێورەسمە ئایینی‌یەکان هەر بە شێوەی سینگ بە سینگ لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەکانی

دواتر گواستراوەتەوە. لە گەڵ چوونی ئایینەکە بۆ ناو هەر هۆز و نەتەوەیەکی خاوەن زمانی جیاوازیش، زۆربەی وێرد و وشە و زاراوەی ئایینەکە بۆ سەر زمان و زاراوەی نوێ وەردەگێڕدران. گەرچی هێندێک وشەی وەک "میترای گائوژن" بە واتای میترای گاکوژ یان گاکوژان بە سەر و گوێ شکاوی لە زمانە بنەڕەتیەکەوە پارێزراون بەڵام زمانێکی هاوبەشی نەبووە. وشە هەرە پیرۆزەکانیش بە دەگمەن وەک ئەوەی لە زمانی سەرەتا دا هەیە، دەپارێزران. سەرەڕای ئەوە، نهێنی پارێزی ئەرکی هەرە گرینگی کەسانی ناو ئەو ئایینە بوو. میراتێک کە بۆ ئایینەکانی ئێزدی و یارسانیش بە جێ ماوە. لە بەر ئەوانە زانیاریی ئێمە بە تایبەت لە میترائیسمی رۆژهەڵات، یەکجار کەمە. لە کوردستان کە ناوەندی پەرەگرتنی ئەم ئایینە بووە، نازانین پلەکانی ئایینی میترایی ناویان چ بووە. هەر بۆیە ناچارین جارێکی دیکە ناوە لاتینیەکان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕینەوە یان لەم‌لاو لەولا، بۆ وێنە لە بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش بۆ ناو لێنانەوەی پلە ئایینیەکان کەلک وەرگرین.

سەرەڕای ئەوە کە هەموو نیشانەکان بە بیسەر و خوێنەری بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش دەڵێن کە ئەوەی ئەو گوێی دەداتێ بەیتێکی ئایینی‌یە بەڵام بەیتبێژ تا کۆتایی بەیتەکە، سەرەداوێکی روون بە بیسەر نادا کە ئاخۆ ئەم بەیتە پێوەندی بە چ ئایینێکەوە هەیە. تەنانەت ناشزانین باسی چ دەکا و مەبەستی لەو چیرۆکە ئەفسانەییە چییە. بەڵام لە کۆتایی بەیتەکە دا گرینگیی خۆر و پێوەندیی پتەوی نێوان یەک لە دوو قارەمانی سەرەکیی چیرۆک لە گەڵ خۆر یا هەتاو، پەنجە بۆ گرینگیی خۆر لە بەیتەکە دا رادەکێشێ:

...شێخ ڕەش لە ترسان دەچۆوە پشت ڕۆژێ

ئەوان شێخان، ئەوان مشایخان دەیانکوت

شێخ ڕەش عاشقی چییە؟

دەیانکوت:

شێخ ڕەش عاشقی زیکرییە.

ئەوان شێخان، ئەوان مشایخان کۆڕی زکریان دەبەست و

شێخ ڕەش لەپشت ڕۆژێ سەری وەدەر دەنا

ئەگەر نەزەریان دەکردەوە شێخ ڕەشییە

شێخ ڕەشیش دەسووتا بەردەبۆوە..

(بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش بە ڕاوێژی محەممەدی غەزالی)

لە نوسخەی دووهەم دا ئەگەرچی لە چەند شوێن ناوەرۆک بە قازانجی ئایینی باو گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەڵام زیاتر لە نوسخەی یەکەم و زیاتر لە جارێک پێوەندیی نێوان ئایینی پشت بەیتەکەو خۆری ئاسمان دەرکەوتوە:

هەڵڵاو غوڵو پەیدا بوو

شێخ قادر راوەستابوو

دەیکوت رمبێ هەڵێنم

رۆژیـش تێکدەپەڕێنم

لە کۆتاییش دا لە گەڵ ناوەرۆکی ئاماژە پێ کراوی نوسخەی یەکەم یەک دەگرێتەوەو دەڵێ:

ئەوە شێخ ڕەش خۆی دە بن تیشکەی ڕۆژێدا حەشار دابوو

جا ئەگەر نەزەری دەکردە شێخ ڕەشی

دەوێدا قالبی شێخ ڕەشم ئاوری تێبەر بوو

بەو پێیە دەبینین یەک لە دوو کەسایەتیی سەرەکیی بەیتەکە پێوەندی بە رۆژ یا هەتاوەوە هەیە. ئەمەش بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کە مەبەستێتی پێوەندیی بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش لە گەڵ ئایینی میترایی بدۆزێتەوە، کلیلێکی گرینگە. ئایینی میترایی پێوەندیەکی چڕ و پڕی لە گەڵ ئەستێرەو هەسارەکانی ئاسمان هەیە و لە ترۆپکیشیان دا، هەتاو شوێن و پێگەی میترایە و پیرۆزترینە. ئەوەش کلیلی دۆزینەوەی ئایینی پشت بەیتەکەو هەڵێنانی راز و رەمز و مەتەڵەکانی دیکەی ئەو بەسەرهاتەیە.

بەیت بە روونی ئەوەمان پێ دەڵێ کە رەش، هەتاو نییە و رۆڵی هەتاو لە بەیتەکەدا دیار و جیاوازە. بەڵام لە پشت هەتاو خۆی دەشارێتەوەو پێوەندیەکە بەرچاوە. ئەوە کە شێخێکی زۆر بە قەوەتە، نیشانەیە کە هێزی خۆی لە رۆژ وەرگرتوە. تەنانەت پێوەندیەک لە نێوان وشەی "ڕەش" و وشەی "رۆژ"دا هەست پێ دەکرێ. لە موکریان وەک ئاخێزگەی بەیتەکە، وشەی رۆژ کە بە شێوەی "ڕۆش"یش گۆ دەکرێ، هەم بۆ رۆژی پێچەوانەی شەو بە کار دێ و هەم بە واتای هەتاو و خۆرە بەو جۆرە کە مەبەستی بەیتەکەیە. وێدەچێ هەڵبژاردنی وشەی "ڕەش" بۆ شێخ رەش لە بەیتەکەدا پێوەندی بە رۆژەوە هەبێ. مەبەستیشی ئەوە نییە کە رەش، رۆژە بەڵکو زەینی گوێگر بۆ نیزیکایەتیی نێوان ئەو دوانە رادەکێشێ .

له بەرامبەر رەش دا، مەندە. هەمان پێوەندی کە رەش لە گەڵ رۆژ هەیەتی، مەندیش لە گەڵ مانگ هەیەتی. هەرچەند بە شێوەی راستەوخۆ ئەم پێوەندیە ناگوترێ و تەنیا بە ئیما و ئاماژە ئەوەمان پێ دەڵێ؛ بەیتەکە لە دەمێک دا دەست پێ دەکا کە مەند "تەمەنی گەیوە بە چاردە و پێی ناوە لە پازدەی". ئەمە تەمەنی پێگەیشتنی مانگ و مانگی پڕە. هەڵبەت نە بە مانای تەمەنی پڕ و روو لە مردن بەو جۆرە کە لە بەیتەکەدا لە حاند تەمەنی شێست و سێ ساڵیی شێخ جافر داندراوە بەڵکو تەمەنێک کە پێی دەگوترێ هەڕەتی لاوی و هەڕەتی پێگەیشتویی. ئەم تەمەنە لە فەرهەنگی کورد دا بۆ کچ و کوڕی لاویش تەمەنی باڵغ بوون و پەڕینەوە لە تەمەنی منالی و مێرمنداڵی بۆ لاوەتی‌یە. واتە پڕبوونی مانگ بە چواردە شەو و باڵغ بوونی مرۆڤ بە چواردە ساڵ. لە بەیتەکەدا مەند کەسایەتیی یەکەمەو هەموو ئامانجی بەیت ئەوەیە کە مەند بە گوێگر بناسێنێ. لە پشت ئەم ناساندنەش ئوستورەی مانگ و دەسەڵاتی ئەو بە سەر ژیان و سروشت دا حەشار دراوە. مانگیش پلەی پێنجەم و یەکەمین پلەی ئاسمانیی ئایینی میترایی‌یە . لە درێژەدا و پێ بە پێی رەوتی چیرۆک و رووداوەکانی، پێوەندیی زیاتری نێوان بەیتەکە و کەسایەتیەکانی لە گەڵ ئایینی میترایی دەستنیشان دەکەین.

***

## بەیتێک لە دوو سەرچاوەوە

بـــۆ لێکـــدانەوەی ئەم بەیـــتە پشـــتم بە دوو دەقـــی بەیـــتەکە بەســـتوە کە یەکەمیـان لە دەنگـی محەمـمەدی غەزالـی ناسـراو بە حەمەی بەیتـان تۆمـار کـــراوە. هەر ئەم نوســـخەیەی بەیـــتەکە بە هێنـــدێک هەڵەی کەمەوە، لە ژمـارە سـێی گـۆواری سـروەدا بـڵاو کـراوەتەوە. نوسـخەی دووهەم لە لایەن قـادری فەتتـاحی قـازی وێـڕای کۆمەڵێـک بەیتـی دیـکە لە دە ژمـارەی گۆڤـاری زانکـۆی ئەدەبیـاتی تەورێـز، لە نێـوان سـاڵەکانی ١٣٤٣ تـا ١٣٤٥ی هەتاویـدا، بـڵاو کـراونەوە. هێـدی (جەعـفەر حوسـێن پـوور) سـەرجەم بەیتەکـانی ئەو دە ژمـارەیەی دە سـەر یەک کـردوونەوەو بە هەمـان نـاوی "چنـد بیـت کـردی" لە سـەر تـۆڕی ئینترنێـت بـڵاوی کـردۆتەوە. قـادری فەتتـاحی قـازی بەیتەکـانی لە زمـان عەزیـزی پـوور ئامـان و محەمـمەدی بـرازای عەزیـز، لە گونـدی قـزڵجەی سـەرێ تۆمـار کـردووە. بە سـەرنجدان بەوە کە محەمـمەدی غەزالـیش خەڵکـی گونـدی بەرەجـۆی جیرانـی قـزڵجە بـووەو هەردوو گونـد لە نـاوچەی "سـارم و میرقـاز"ی سـەر بە شـاری مەهابـاد هەڵکەوتـوون، بە دوور نیـیە مامۆسـتای هەردوویـان یەک کەس بـووبێ یـان لە بەیتبێـژێکەوە بە چەنـد سـینگی جیـاواز گەیشـتبێتە ئەوان. نوسـخەی یەکەم (حەمەی بەیتـان) ئەگەرچـی کـورتترە بەڵام ڕێکـوپێکترە و ویـدەچێ باشـتر لە نوسـخەی دووهەم، هەڵگیرابـێ و گەیشـتبێتە دەسـت ئـێمە. نووسـخەی دووهەم بە تـایبەت لە سـەرەتادا، شـەقڵی ئـایینی نـوێی لە سـەر نیشـتوە. هەروەهـا جیـاوازی لە جـۆری ڕێکخسـتنی هۆنراوەکـانی بەیـتەکەش بەرچـاوە. بەڵام سـەرەڕای ئەم جیاوازیـانە، هەردوو بەیـت یەک دەقمـان بـۆ دەگێـڕنەوەو

ڕەوتـــی ڕووداوەکـــان لە هەردوو بەیـــت دا وەک یەکە. ئەمـــن هەوڵ دەدەم نوســـخەی یەکەم بـکەمە بنەمـــای لێکـۆڵینەوەکە و لە هەر کـوێ بە پێویســـتم زانی، ئاماژە بە نوسخەی دووهەمیش دەکەم.

***

## پێ بە پێی ڕووداوەکانی بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەش بۆ لێکدانەوەی بەیتەکە

وەک گوترا ئامانجی سەرەکیی بەیتی شێخ مەند و شێخ رەش ناساندنی مەندە کە لە بەیتەکەدا نوێنەرایەتیی مانگ دەکا و لە راستی دا بەیت ئوستورەی مانگمان بۆ دەگێڕێتەوە. تێیدا بەسەرهاتی مەند بە سەر چوار قۆناخ دابەش دەکرێ:

1. ناساندنی مەند
2. ئاوارەبوونی مەند (دەرکەوتنی لە ئاسمان)
3. مەرگی مەند (دوای چاردە رۆژ کە پێی ناوە لە پازدە)
4. ئەستاندنەوەی تۆڵەی مەند

بەیت بە باسی کەسایەتیی شێخ جافری بابی مەند دەست پێ دەکا. پیاوچاکێک کە ئاو بە دێمەکاران دەگەیەنێ و بە بابی فەقیر و هەژاران ناسراوە. بە ئەگەری زۆر کەسایەتیی شێخ جافر هەمان کەسایەتیی زاڵی باوکی رۆستەم یان زریاڵی باوکی تۆماسپ لە چیرۆکی شای مارانە. ئەرکی دەرخستنی رەسانەیەتیی رەچەڵەکی مەند وەک کەسی سەرەکیی چیرۆکەکەیە. پەسنی "بابی فەقیر و هەژاران" پێوەندی بە سفەتی "ئاودێری دە دێمەکاران" هەیەو ئەویش کەسایەتیەکی ئاسمانی بە شێخ جافر بەخشیوە. ئەم سفەتەی باوک، هاوکات دەرگای سەرنجی بیسەر و گوێگر بۆ پێوەندی و دەسەڵاتی مەند وەک کەسایەتیی سەرەکیی بەیتەکە، لە گەڵ سروشت، دەکاتەوە.

بەڵام وەک پێشتریش باس کرا، کلیلە سەرەکیەکانی کردنەوەی رەمز و رازەکانی ئەم بەیتە لە واتا و رەچەڵەکی ناوی ئەکتەرەکانی دا تاقەت

کـراون. هەر بـۆیەش دەبـێ بە دوای ڕەچەڵەکـی وشــەی جـافر دا بگەڕێــین. جــافر لە نــاو زمــانی ئەمــڕۆی کــوردی دا کوردێنــدراوی وشــەی "جەعـفەر"ە. بەڵام ئەمە دەکـرێ بـۆ ئاسـایی کـردنەوە لای بیســەری دواتـر، گـۆڕابێ. یـان نـا وەک چـۆن پێشـتر ئامـاژە بە پێوەنـدیی نێـوان رۆژ و رەش یـان مانـگ و مەنـد کـرا، وەهـا پێوەنـدیەکیش لە نێـوان جـافر و هەسـارەیەکی دیـکە هەبـێ. "زاڤ" لە زمـانی کـوردی دا نـاوی هەسـارەی تیـر، عەتـارۆد یـان مێرکـوری‌یە کە نیزیکتـرین هەسـارە بە خـۆرەو وەک ئەسـتێرەیەکی گەڕۆک خـۆی دەنـوێنێ. لە بـاری رواڵەتەوە روخسـاری مێرکـوری ئـاوڵاویە و وێکچـوونی لە گەڵ روخسـاری مانـگ هەیە کە ئەویـش وەک دەگـوترێ شـیرین‌گروێ‌یە. لە پلەکـانی میترائیسـم دا هەسـارە زاڤ، تیـر یـا مێرکـوری گرێـدراوی پـلەی یەکەمـی ئـاییـنی میتـراییە. ئەم پـلەیە خێـوی بـایە. لە زمـانی کـوردیش دا کـرداری "زڤـرین" بە واتـای گەڕان و سـووڕان، دەکـرێ پێوەنـدی بەم وشـەیە و بە هـاتوچۆ و سـووڕانی بـاوە هەبـێ. هاوکـات گەڕان، سـووڕان و زڤرینـی خێـرای هەسـارەی "زاڤ" بە دەوری خـۆر دا. بە پێـی ئەم بۆچـونە، لە زڤـرین دا، "زڤـر" وشـە بنەمـاکەیە و "یـن" نیشـانەی چـاوگی کـرداره. وشـەکە کەوتـوەتە نـاو زمـانی عەرەبـی و بنەمـای وشـەی سـافیر و موسـافیرە بە واتـای گەڕان و گەڕۆک. بەم پێـیە لە بەیـتەکەدا وشـەی جـافر دەگەڕێـتەوە سـەر هەسـارەی زاڤ یـا زاڤـر کە هەمـان تیـر یـا عەتـارۆدە و شـێخ جـافر نـوێنەرایەتیی یەکەم پـلەی ئـاییـنی میترایـی دەکـا کە خێـوی بـا و هەوایە. هەر بـایە کە هەورەکـان بـۆ سـەر دوورەدەسـتترین شـاخ و بەنـدەنەکان

رادەدا تـــا بە ســـەر دێمەكـــاری هەژارانـــیش دا ببـــارێن. بەوەش شـــێخ جـــافر ئاودێری دە دێمەكارانە و بابی فەقیر و هەژاران.

كەســـــایەتیی شـــێخ جـــافر كەســـــایەتیەكی تەواو پۆزەتیـــڤ نیـــیە و خـــاڵی نێگەتیڤیشـــی تێـدایە. بـاوكی شـێخ مەنـدە و مـامی شـێخ رەشـە. لە مەنـد تـووڕە دەبـێ و هۆكـاری ئـاوارەبوون و دوا جـار كـوژرانی مەنـدە. بەڵام نـــاخێكی پـــاكی هەیە. ئامـــادەیە بۆخـــۆی لە جێـــی مەنـــد بـــڕوا و دوای رۆیشـتنی مەنـدیش هەر زوو پەشـیمان دەبێـتەوەو دایكـی مەنـدی بە دوادا دەنێـرێ تـا بیگێـڕێتەوە. بە گشـتی شـێخ جـافر سـەرچاوەی هەردوو هێـزی خێـــر و شـــەڕە و تـــوخمی هەردوویـــانی تێـدا بەڵام زیـــاتر بە لای خێـــر دا كەوتـوە. ئەوەش تایبەتمەنـدیی خێـوی بـایە كە هەم شـەماڵەو هەم زریـان، هەم شـــنەیە و هەم تەزوو، هەم رەز و بـــاخ و بێســـتان پێـــدەگەیەنێ و هەم دار و درەخـــت لە بـــن دێنـــێ، هەم بەفـــر بە دەم زریـــانیەوە گێـــژەن دەكـــا و هەم بە شەماڵ و بای وادەی، بەفری زستان دەتوێنێتەوە.

نوســـخەی دووهەم بە باســـی كەرامەت و كەســـایەتیی شـــێخ جـــافر دەســـت پـێ ناكـا. بەیـت یەكسـەر دەچێـتە سـەر باسـی هـاتنی میوانەكـانی شـێخ جـافر. لەودا بە رۆژی جـومعە، سـێ پیاوچـاك، لە مـاڵی شـێخ جـافر میـوان دەبـن. هەڵبژاردنـی رۆژی جـومعە یـان هەینـی، لە سـەرەتاوە خـوێنەر بـۆ بیستنی بابەتێكی ئایینی ئامادە دەكا.

میوانەکـان سـێ پیاوچـاکن. "سـێ میـوانی خـاس" کە هەر "مەنـدی دورنـاس" دەتـوانێ بیانناسـێ. شـێخ جـافر سـەرەڕای تەمەنـی زۆر و بە ڕواڵەت دەسـەڵاتی زۆری لە شـێخایەتی دا، میوانەکـان ناناسـێ و داوا لە مەنـدی کـوڕ دەکـا تـا "ئەوان میوانـانە بـۆ بـابی خـۆی بناسـێ". بەوە بەیتبێـژ لە لایەک گەرەکیەتـی دەسـەڵاتی ئـایینیی شـێخ مەنـد بە گـوێگر بناسـێنێ و لە لایەکـی دیـکە بە بیسـەر بڵـێ کە میوانەکـان لە بەر مەنـد و بـۆ دیتنـی مەنـد ڕوویان لەو ماڵە کردوە.

بێـژەری نوسـخەی دووهەمـی بەیـتەکە کە زیـاتر هەوڵـی داوە بەرگـی ئیسـلامەتی دەبەر بەسـەرهاتەکە بکـا، میوانەکـان بە هەمـزەو خاڵنـدو هەبـاس دەناسـێنێ. دەبـێ مەبەسـتی لە هەمـزەی مـامی محمـد پێغەمـبەری ئیسـلام، خالیـدی کـوڕی وەلیـد و عەباسـی کـوڕی عەلـی بـێ. ئەمە دەکـرێ نمـونەیەک بـێ لە هەوڵـی ئـایینی نـوێ بـۆ ئەوەی جێگـا بە هێماکـانی ئـاییینی کـۆن لە بەیـتەکەدا لێـژ بکـا. بەڵام لە نوسـخەی یەکەم دا میوانەکـان بـریتین لە خـدر، خاڵنـد و ئەلیـاس. ئەگەر پێوەنـدیەک لە نێـوان خاڵنـد و "خاڵـدی"ی خـوای ئورارتـویی نەبـێ، ئەوە خاڵنـد تـا ئێسـتا کەسـایەتیەکی نەناسـراوە. ڕەنـگە بـۆیەش بە نەناسـراوی مـابێتەوە چـونکە تـایبەتە بە فەرهەنگـی کـورد و جێـی لە نـاو نەتەوەو ئاییینەکـانی دیـکەدا نیـیە. بەڵام خـدر و خـدرئەلیاس کە بە وتەیەک یەک کەس و بە ڕەوایەتێکـی دیـکە دوو کەسـایەتیی جیـاوازن، لە ئـاییینە ئیبراهیمیەکـانیش دا جێگایـان هەیە. لە نـاو فەرهەنگـی کـورد دا ئەوان دوو پیاوچـاکن کە

هەتــا ئێســتاش لە زەینــی خەڵــک دا بە پیــرۆزی مــاونەتەوە. دەڵــێن دوو کەســـی نەمـــرن کە یەکیـــان لە ســـەر بەڕ و ئەویـــدی لە ســـەر بەحـــر حوکماتێ دەکەن و لە چۆڵ و بیابانان دا دە فریای لێقەوماوان دێن:

بانگێکم وەبەر خدر و خدرئەلیاسان

نەمرن، سەییاحن، کەس بە ماڵیان نازانێ (بەیتی دمدم)

خــدر هەمــان خضــری عەرەبــی و عیبرانــییە. خضــریش واتــای رەنگــی ســـەوزە. ئەوەش لەو بـــاوەڕە ئـــایینیەوە هـــاتووە کە دەڵـــێن لە هەر کـــوێ دانیشـــــێ، دەبـــــێ بە شـــــیناوەرد و مێـــــرگ و چـــــیمەن. بەم پەســـــن و تایبەتمەنـــدیەوە، دوای پێوەنـــدیی نێـــوان شـــێخ جـــافر بە ئـــاودێری دێمەکـــاران، جـــارێکی دیـــکە تووشـــی پێوەنـــدیی نێـــوان مەنـــد لە گەڵ کەســایەتی یــان کەســایەتیگەلێکی دیــکەی پێوەندیــدار بە گیــا و ســەوزایی دەبـین کە بە میـوانی سـەردانیان کـردوە. بە گشـتی لە بەیـتەکەدا زیـاترین پێوەنـدیی نێـوان مەنـد لە گەڵ گیـا و سـەوزایی بەرگـوێ دەکەوێ. مەنـد دوو جـار ئەسـپی میوانەکـان بە برسـیایەتی دەگەڕێنێـتەوە بـۆ مـاڵێ چـونکە گیـا دەم بە زیکـرن و نـابێ لە وەهـا کاتێـک دا بخـورێن. دوا جـاریش هەر لە ســەر ئەوە ئــاوارە دەبــێ. کە تووشــی شــێخ رەش و شــێخ ئــایەدی دەبـێ، ئەوان خەریکـی بـژاری پەمـۆن کە مەنـد هەر بە چـاو لێکـردن، گیـا بـێ کەلکەکـان (بـژار) وشـک دەکـا و ئاونـگ دەخـاتە سـەر پەلکـی گیـای بە کەلـک (پەمـۆ). ئەم پێوەنـدیە زۆرەی نێـوان مانـگ و گیـا لە دوو روانیـنەوە سەرچاوە دەگرێ:

یەکەمیان روانینی ئاساییە. گیا لە فێنکی شەودا شەونمی لە سەر دەنیشێ و گەش دەبێتەوە. پێشینان ئەمەیان بە دیاریی مانگ زانیوە. هەروەها خەرمانەی دەوری مانگ نیشانە و مزگێنیی بارینی باران لە داهاتوویەکی نیزیکە. هەر ئەمەش وای کردوە کە خەرمانەدان و جۆخین بەستنی مانگ لە فەرهەنگی کورد دا پیرۆز بکرێ و تەنانەت سوێندی پێ بخۆن:

سێ جار بەو مانگەی خەرمانەی داوە

هێشتا مەیلی تــــــۆم بە کەس نەداوە

یان :

گوڵ لە خەوێ هەڵدەستێ

شەنگو شۆڕێ، بەژن بڵندێ پشتێند دەبەستێ

هەنیەی گوڵە جوانێ لە بۆ من بمێنێ بەوێ مانگی لە چواردەی

کە ئەوەتانێ لە مابەینی هەور و سامالێ جۆخین دەبەستێ

(ئایشێ گوڵ بە ڕاوێژی سێوە)

خەرمانەی دەوری مانگ هاوکات کە مزگێنی بارینی بارانە، نیشانەی تەواو بوونی دروێنەو کۆکردنەوەی دەغڵ و دان و کوتانی لە سەر خەرمانە. خەرمانیش نیشانەی یەکبوونەو نوێنگەی هێزێکە کە بە یەکێتی و کاری هاوبەش دەستەبەر دەبێ.

ئەو تێگەیشتنە لە پێوەندیی نێوان مانگ و گیا، چۆتە ناو ئایینەوە. لە یەشتەکانی ئاوێستا دا "ماونگە یەشت" یان "مانگ یەشت"، یەشتی حەوتەمە و تایبەتە بە مانگ. تێیدا مانگ بە هەڵگری تۆم و نەژادی ئاژەڵانیماڵی ناسێندراوە. هەروەها دەڵێ؛ "لە ژێر نوور و تریفەی مانگ دایە کە بەهاران گیا سەوز هەڵدەگەڕێن و گەشە دەکەن." شیلەی گیای هئوم یان هومیش کە نیشە بزوێن و سەرخۆشی هێنەرە، بە دیاریی مانگ زانراوە. تەنانەت ناوەکەشی دەگەڕێتەوە سەر وشەی "هەیو" یان "هەیڤ" کە لە زمانی کوردی دا ناوی دیکەی مانگە.

لە بۆندەهێشیش دا مانگ، باران ساز دەکا. گیا دەڕوێنێ و دەگەشێنێ. بە باران و تیشکی مانگ لەوەڕگەی ماڵات بژوێن دەبێ. ئەم دوانەش بژیوی مرۆڤ و ئاژەڵ بەرهەم دێنن و رەوتی ژیان لە سەر هەرد دیاری دەکەن. بە کورتی لە هەردوو روانینی ئاسایی و ئایینی دا مانگ بۆ هەرد و هەردنشینان سەرچاوەی باران و ژیان بووە.

لە موکریـــان ســـەرەڕای بـــوونی دوو وشـــەی ســـەوز و کەســـک بـــۆ یەک رەنـــگ کە رەنگـــی گیـــایە، وشـــەی شـــین لەم بـــارەوە جێگـــای تـــایبەتیتری هەیە. گیـــا بە جێـــی کەســـکبوون یـــا ســـەوزبوون، شـــین دەبـــێ. لە حاڵێـــک دا شـــین، رەنگێکـــی جیـــاوازە. ئەم شـــینە، بە ســـەرنجدان بە بـــاوەڕی پێوەنـــدیی نێـــوان مانـــگ و گیـــا، بە ئەگەری بەهێـــز، لە وشـــەی "صـــین"ی بـــابلی یـــان ئاشـــووری وەرگیـــراوە کە خـــوای مانـــگ بـــووە. وردبـــوونەوە لە وشـــەی "شـــیناوەرد" کە لە دوو بەشـــی "شـــین" و کـــرداری "هـــاوردن" پێکهـــاتووە، زیـــاتر ئەم ڕایەمـــان بـــۆ ســـوور دەکـــاتەوە. مانـــگ لە ئـــایینی بـــابلی و بە

تــایبەت ئاشــووری دا جــێگە و پــێگەی گرینگــی هەبــووە. ســینی بە واتــای مانــگ لە پێکهــاتەی نــاوی کۆمەڵێــک لە پاشــایانی بــابلی و ئاشــووریش دا هەیە وەک نارام سین، سیناخریب، سین شر ئیشکون و..

لە بەیتــی شــێخ مەنــد و شــێخ رەش دا، تونــدوتۆڵترین پێوەنــدیی نێــوان مەنــد و گیــا لە قۆنــاخی یەکەمــی بەیــتەکە دایە. مەنــد لە ســەر داوا و راســپاردەی بــاوکی، ساتەئەســپی میوانەکــان دەبــا تــا بیــانلەوەڕێنێ. ئەســپەکان بە "چــوار قــوڕنەی دنیــا"دا دەگێــڕێ بەڵام کــات ســەرەتای بەهــارەو گیــا هەمــوو خەریکــی زیکــری خــودان. ئەســپەکان بە برســیایەتی دێنێــتەوەو رازی زاری بە زیکــری گیــا، بــۆ بــاوکی دەگێــڕێتەوە. بەڵام بــاوک بــڕوای پــێ ناکــا. وەک بە جــێ گەیانــدنی دابــی بنەمــاڵەیی و رێزگرتنــی کــوڕ لە بــاوک، جــارێکی دیــکەش ئەم بەســەرهاتە بە هەمــان دەرەنجــامەوە دووپــات دەبێــتەوەو کــوڕ دیســان ئەســپەکان دەگەڕێنێــتەوە. بەڵام بــاوک ئەمجــار تــوورە دەبــێ، رووی لــێ وەردەگێــڕێ و پێــی دەڵــێ ئەم مــاڵە یــا جێــی تــۆیە یــان جێــی مــن. ســەرەڕای ئەوە کە شــێخ جــافر لە حانــد مەنــد دا، لە پــلەی باوکــایەتی دێــتە خــوار و پێــی دەڵــێ "ئەتــۆ کــانی، ئەمــن جــۆمە، تــۆ دانیشــە مــن دەڕۆمە"، کــوڕ ئەمە نــاپەژرێنێ. بــۆ جــاری دووهەم تەســلیمی دابــی کــۆمەڵایەتی و بنەمــاڵەیی دەبــێ و لە بەرامــبەر کــانیەتیی بــاوک دا، دەبــێ بە "جــۆ" و دەڕوا. بەم جــۆرە مەنــد زیــز دەبــێ و مــاڵی بــاوان بە جــێ دێڵــێ. بەڵام شــێخ جــافر هەر زوو پەشــیمان دەبێــتەوەو دایــک بە دوای کــوڕ دا دەنێــرێ تــا بیگێــڕێتەوە. ئەمە دوا رۆڵــی شــێخ جــافرە لە بەیــتەکەدا و بە دوای ئــاوارە بــوونی مەنــد، بــاوک چیتــر رۆڵــی نامێنێ و دایک جێگای دەگرێتەوە.

کاتێک دایک دەگاتە کوڕ، داوای لێ دەکا و لێی دەپاڕێتەوە کە بگەڕێتەوە. بەڵام مەند لە گەڵ باوک یەکلای کردۆتەوەو ئامادە نییە بگەڕێتەوە. دایکی وشیار دەکاتەوە کە ئەگەر وازی لێ نەهێنێ و لێی نەگەڕێ بڕوا، ئەوە لای خودا و پێغەمبەران، سڕی لێ وەدەردەخاو نهێنی لێ ئاشکرا دەکا.

مەند بە گشتی ئاگای لە راز و نهێنییەکان هەیە. پێشتریش ئەو بوو کە رازی زیکری گیای دەزانی و بۆ باوکی درکاند. ئەم باوەڕە بۆ جێگە و پێگەی مانگ لە شەو دا دەگەڕێتەوە. زۆربەی رووداوە نهێنی و شاراوەکان لە شەودا روو دەدەن کە ئەگەر کەسیش ئاگای لێیان نەبێ، ئەوە لە چاوی مانگی بە تاقی ئاسمانەوە، ون نین. مانگ بە تریفەی خۆی، گڵۆپ لە سەر شاراوەکان دادگیرسێنێ و لە راز و نهێنییەکان ئاگادارە. تەنانەت بە رۆژیش زۆر جار لە تاقی ئاسمان دەبیندرێ کە بێ ئەوەی سەرنجەکان بۆ لای خۆی راکێشێ، خەریکە رێگا دەبڕێ. ئەگەر بەیتەکە بە سەر سێ بەش دا دابەش بکەین، ئەوە ئاگادار بوون لە نهێنییەکان و دەرخستن و درکاندنی هەر جارەی نهێنییەک لە لایەن مەند، قۆناخێکی لە بەیتەکەدا خوڵقاندوە. واتە هەر قۆناخێک پێوەندی بە درکاندنی رازێکەوە هەیە کە مەند ناچارە بیدرکێنێ. هەر کام لەو کێشەو چەرمەسەریانەش کە دێنە سەر رێگای، سزای درکاندنی یەکێک لەو راز و نهێنییانەیە:

1- گێڕانەوەی رازی زیکری گیا و ئاوارە بوون
2- گێڕانەوەی رازی سێوی دایک و شەڕ لە گەڵ رەش
3- هێنانی قەندیلەی بەهەشت کە سەرچاوەی هەموو رازەکانەو کوژران بە دەستی رەش

ئەم سزای دوای درکاندنی رازە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەک لە سەرەتاوە گوترا ئاییینی میترایی ئاییینی بە رەمز و راز و هاوکات ئاییینی پاراستنی راز و نهێنییەکانە. درکاندنیان سزای لە دوایە. رەنگە یەک لە ئامانجەکانی ئەم بەیتە وشیار کردنەوەو هاندانی پێڕەوانی ئایینەکە بۆ پاراستنی راز و نهێنییەکان بێ.

لە قۆناخی یەکەم دا مەند دەزانێ کە گیا و گوڵ زیکری خودا دەکەن. لە بەر ئەوە ناتوانێ ئەسپەکان تفاق بداو ناچاریشە راستیی هۆکارەکە کە زیکر و تەسبیحی گیای بەهارییە، بۆ باوکی بدرکێنێ. ئەگەرچی باوک باوەڕی پێ ناکا بەڵام ئاکامی گێڕانەوەو ئاشکرا کردنی ئەم رازە، مەند لە ماڵە باوان ئاوارە دەکا.

قۆناخی دووهەم کە بە دەرچوون لە ماڵی باوان و ئاوارەبوون دەست پێ دەکا، دوای ئەوەیە کە دایک لە سەر گەڕاندنەوەی کوڕ مکوڕ دەبێ، مەند بۆ ئەوەی دایک لەو پێداگرییە پاشگەز بکاتەوە، ناچارە سرِی لێ ئاشکرا بکا. سرِیش گۆڕینەوەی سێو لە نێوان دایک و باوکی ئەویندار، لە جێژوانی کانیلەی بەر ماڵان و بەر لە زەماوەند کردنیانە. لە سەر ئاشکرا کردنی ئەم رازە، دایک نفرینی دەکا و دوعای لێ دەکا کە شێخ رەش وەک بەڵا بۆی نازڵ بێ و خێر

لە گەنجیی خۆی نەبینێ. ئەمەی لێرەدا جێی پرسیارە، درکاندنی رازی سێو گۆڕینەوەی دوو ئەویندارە کە وەک کارێکی قەباحەت لە دڵی دایک گران دێ و تا ئاستی نفرین کردنی کوڕ، تووڕەی دەکا. لە حاڵێک دا دەرەنجامی سێو گۆڕینەوە لە جێژوانی کانیلەی بەر ماڵان، زەماوەندو ژیانی هاوبەشی دایک و باوک و لە دایکبوونی مەندە. ئاخۆ ئەمە راسپاردە و حوکمی ئایینەکەیە کە کوڕ و کچ لە دەرەوەی ژیانی هاوبەش ناتوانن تەنانەت یەکتر ببینن و سێو بگۆڕنەوە یان نا بەیتبێژ دەیهەوێ چیرۆکێکی دیکەمان وەبیر بێنێتەوە؟ ئێمە زانیاریەکمان لە شەرع و حوکمی ئایینی میترایی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەی ئایینەکە لە گەڵ خۆشەویستیی نێوان کوڕ و کچ نییە بەڵام لە کوردستان بە تایبەت لە ئاخێزگەی بەیتەکە کە موکریانە، کچ ئەوەندە دابەستە نییە کە هەتا دوای شوو کردن نەتوانێ کوڕ ببینێ و ژوانی لە گەڵ بکا و سێوی لە گەڵ بگۆڕێتەوە. جگە لەوە، فۆلکلۆری کوردی پڕە لە چیرۆکی ئەوین و خۆشەویستی بە بێ ئەوەی گوێگر هەست بە بوونی گوناھ لەو هەموو خۆشەویستی و ئەوینانە دا بکا. کەواتە بە دوور نییە مەبەست لەم سێوی خۆشەویستیە، چیرۆکی دەرکرانی مار و ئادەم و حەوا لە بەهەشت بێ. ئەو کاتەی مار، دایکەوا و ئەویش باوکەوا بۆ خواردنی میوەی پاوانکراو هان دەدا. ئادەم و حەوا دوای ئەوەی لە میوەکە دەخۆن، چاویان دەکرێتەوەو یەکتر بە رووتی دەبینن. لە سەر ئەو 'تاوانەش'، هەر سێکیان لە بەهەشت دەردەکرێن. ئەگەر ئەم گرێدانەوەیە درووست بێ، دایک و باوکی مەند لێرەدا دەبن بە دایکەوا و باوکەوا، وەک یەکەمین مرۆڤەکانی سەر زەوی، دوای ئەوەی لە سەر خواردنی سێو و دیتنی جەستەی یەکتر، لە بەهەشت دەرکران. بە پێی گێڕانەوە مەزهەبیەکە، تاوانباران لە پلەی یەکەم دا مار، لە پلەی دووهەم دا ژن و لە

پلەی سێهەم دا پیاو بوون. ڕەنگە لە بۆچوونی ئایینی پشت بەیتەکە دا، مانگ ئاگای لەو "تاوانە" بووبێ. چونکە مانگ ئاگای لە هەموو راز و نهێنییەکان هەیە.

هەر لەم بەشەی بەیتەکەدا، مەند بە دایکی دەڵێ کە ئەو کاتەی دایک و باوک سێوی ئەوینیان لە گەڵ یەک گۆڕیەوە، ئەو حەوت ساڵ بوو ڕۆحی لە سەر ئەوان دەگەڕا. ژمارەی حەوت لە حەوت ساڵ دا، ژمارەیەکی پیرۆزی میترایییە. پلەکانی ئەم ئایینە حەوتن و ژمارەی حەوت تایبەتیی میترایە وەک بەرزترین پلەی ئاسمانی و، لە سەر هەرد، پیر ئەم پلەیەی پێ دەدرێ. حەوت هەم لە ئایینەکەو هەم لە بەیتەکەدا ژمارەی پێگەیشتن و کامڵ بوونە. لێرە دا، لە گەڵ ئەوە کە مەند بە ڕواڵەت نهێنی لە دایک ئاشکرا کردوە بەڵام ئەوینی نێوان دایک و باوک دوای حەوت ساڵ گەڕانی ڕۆحی مەند بە سەریان دا، نیشانەی پێگەیشتن و کامڵ بوونی پێوەندیی ئەوان و پاشان گووران و لە دایکبوونی کوڕە. ڕەنگە بەیت بیهەوێ باسی باوەڕێکی ئایینیشمان بۆ بکا کە پێی وایە مانگ و خۆر و ئەستێرەکانیش، سەبارەت بە مرۆڤ و ژیانی ئەو لە سەر هەرد، کامڵ بوون و جێیان گرت. ئەم بۆچوونە لە گەڵ باوەڕی ئێزدی کۆک و تەبایە کە دەڵێ خوا هەردی بۆ ژیانی مرۆڤ چێ کرد و ئادەمی بۆ ئەوە نەخوڵقاند کە تا هەتایە لە بەهەشت بێ.

کەسایەتیی دایک لە بەیتەکەدا دەتوانێ دووهەم پلەی ئایینی میترایی بێ کە پلەی دەزگیرانە. گەرچی بەشێک لە لێکۆڵەران ئەوە ڕەد دەکەنەوە کە ژن لەو ئایینەدا و لە پلەکانی ئایینەکەدا ڕۆڵی هەبێ بەڵام ئێمە لە پلەکانی هەفتەنی

ئایینی یارسانیش دا، وێڕای شەش پیاوچاک یان ڕۆحی پاک، بەردەوام ژنێک لە پلەی دووهەم دا دەبین. وەک:

هەفتەنی یەکەم: خاوەندگار، جبرائیل، مکاییل، ئیسرافیل، عێزرائیل، خاتوو حور یا حورالعین، عەقیق مەلەک تەیار

هەفتەنی دووهەم: سەلمان، قەنبەر، جابر، مالک، فاتمە، حەسەن، حسین

هەفتەنی سێهەم: شاخوشین، بابابزورگ، کاکەرەدا، کەرفەقێ، بابەتاهیر، ماما جەلالە، ...؟

هەفتەنی چوارەم: سوڵتان سەهاک، بنیامین، داوود، مووسا، مستەفا داودان، خاتوو دایراک یا ڕەمزبار، بابایادگار

هەفتەنی پێنجەم: قرمزی، کاکەمیرە، کاکە عەرەب، کاکە ڕەحمان، زەڕبانو، ...؟

پلەبەندی ناوەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان لە پلەی حەوتەمەوە بەرەو خوارەوەن و وەک دەبینین  بەردەوام ژنێک لە پلەی دووهەمی هەفتەوانی یارسان دا هاتووە. بەو پێیە ئەگەر بۆچوونەکەی ئێمە درووست بی کە بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەش لە ئایینی میترایی هەڵێنجراوە، ئەوە دایکی مەند لە بەیتەکەدا نوێنەرایەتیی پلەی دووهەمی ئایینەکە دەکا کە پلەی نیمفوس، دەزگیران یا هاوسەرە. دەزگیران خێوی ئاوە. گرێدراوی هەسارەی زۆهرە، ڤینۆس یا ئاناهیتایە. بووکەبارانەی منالآنی کورد لە ساڵی بێ باران دا رووی لەم خواژنەیە.

لە بەیتەکەدا، کەسایەتیی دایک وەک شێخ جافری باوک، بە هەردوو باری چاکە و خراپە دا دەگەڕێ بەڵام دایکەو خێوی چاکەیە. بە دوای مەند دا هاتووە

که بیگەڕێنێتەوەو نەهێڵێ ئاوارە بێ، لە بەری دەپاڕێتەوە بەڵام تووڕە دەبێ و مەند نفرین دەکا. دواتریش هەر خۆی جاڕی ئەستاندنەوەی تۆڵەی مەند دەدا. ئەمەش پێوەندی بە هێزی ئاو هەیە کە پڕە لە خێر و بەرەکەت بەڵام مرۆڤ ئەگەر مەلە نەزانێ رەنگە تێیدا بخنکێ و ئەگەر لە شێوەی سێڵاو و لافاویش دا هەڵچوو، هێزی شەڕوماڵوێرانکەرە.

بە دوای نفرینی دایک، شێخ مەند رێگای خۆی درێژە دەدا. سەرەتا روو لە چۆڵی دەکا کە ئاماژەیە بە شەوی تاریک و ئەو رێگایەی مانگ لە نیوەی یەکەمی شەودا دەیپێوێ. بەڵام دواتر روو لە شار دەکا. شار دەکرێ ئاماژە بە رۆژی رووناک بێ کە مانگ لە نیوەی دووهەمی شەودا بەرەو رۆژ دەپێوێ. لە رۆژ دا خەڵک بەخەبەرن و دەبینن. بۆیەش وەک دواتر دەبینین، شێخ رەش و شێخ ئایەدیی برای، نایانهەوێ مەند تخوونی شار بێ. ئەوان پێیان وایە ئەگەر خەڵک مانگ بەو جوانی و پاکی‌یەوە ببینن، روو لەو دەکەن و حیساب بۆ ئەمان ناکەن.

شێخ مەند لە کاتێک دا تووشی شێخ رەش دەبێ کە لە گەڵ شێخ ئایەدیی برا بچووکی، خەریکی بژاری پەمۆن. بە ئەگەری زۆر ئادی یان ئایەدی کە لای ئێزدیەکان بە شێخادی، شێخ هادی و سەرەنجام شێخ عۆدەی ناو دەبرێ، لە "ئات" یا "ئاد"ی بنەمای وشەی ئاثر، ئادر، ئاتر، ئاتەش، ئاور و ئاگر وەرگیراوە. ئەوەش پێوەندی و نیزیکایەتیی خۆر و ئاگر، (شێخ رەش و شێخ ئادی) لە باوەڕە ئایینیەکە دا نیشان دەدا. لای ئێزدیەکان کەسایەتیی پیرۆزی دیکەش

هەن کە ناسناوی "ئادی"یان هەیە وەک "شێخ فەخری ئادی" کە ژمارەیەک لە قەوالەکان بە ناوی ئەوە و نیشانەی گرینگیی ئەم وشەیە لە ئایینەکەدایە. لە میترایی دا ئاگر لە پلەی چوارەم دایە و لە سەر هەرد بەرزترین پلەی ئایینەکەیە. هێمای شێری هەیەو هەر بە شێریش (Leon) ناسراوە. ئەو پیاوە ئایینیانەی دەگەنە ئەو پلەیە، دەست و زمانیان بە هەنگوین دەشوردرێ کە واتای پاک کردنەوەو پێویستیی بە پاکی مانەوەی ئاکارو گوتاریانە. زۆرێک لەو گڵکۆیانەی پەیکەر یان وێنەی شێریان لە سەرە، گڵکۆی شێرەپیاوانی میترایین. لە بەیتەکەدا، زیاتر لە جارێک باسی شێخ ئادی نەکراوەو لە دنەدانێکی شێخ رەشی براگەورە بۆ ئەوەی ببێ بە مار و بە شێخ مەندی ئامۆزاوە بدا، رۆڵێکی ئەوتۆی نییە. ئەوەندەش کە باس کراوە، دەبێ بۆ ئەوە بێ کە بەیتەکە لە گەڵ پلەکانی ئایینی میترایی ڕێک بێ و ئەم پلەیە نەبوێرێ. شێخ ئادی وەک نوێنەری پلەی چوارەمی میترایی، لە بەیتەکەدا بە هاندانی شێخ رەش بۆ کوشتنی شێخ مەند، رۆڵی نێگەتیڤی هەیە. ئەمەش پێوەندی بە رۆڵی ئاگر لە سوتاندن و لە ناو بردن دا هەیە. بەڵام ئەو وەک خۆی کردەوەیەک دژ بە مەند ئەنجام نادا و بەوەش بەیت پێمان دەڵێ ئاگر بە رەهایی، زیان نییە.

بە چاو لێ کردنی مەند، بژاری بەردەستی رەش و ئادی، کە گیای بێ کەلک و زیانبارە، وشک دەبێ. بەم جۆرە بەیت جارێکی دیکە دەسەڵاتی مەند بە سەر سروشت و بە سەر گیا و گژمان پێشان دەدا. بەڵام پەمۆ بە وتەی نوسخەی یەکەم زەنگوڵ ئارەقی پێدا دێتە خوار و بە پێی نوسخەی دووهەم ئاونگی لە سەر دەپەڕی. هەردوو پێداهەڵگوتن دەتوانن ئاماژەی بووژانەوەی

پەمۆ لە خۆشیی دیتنی مەند بن. پەمۆ ڕەنگی سپی‌یە و سپیش نیشانەی پاکی و ڕاستی‌یە. سەبارەت بە کرداری ئاونگ لە سەر پەڕین و ئارەق ڕشتن، بۆچوونێک ئەمە بە نێگەتیڤ و نیشانەی بەرەو وشک بوون دەزانێ و پێی وایە پەمۆ لە بەردەستی شێخ ڕەش دا کە دژ بە خوای باران و گژ و گیایە، ئارەقی وشکبوون دەڕێژێ. بەڵام ئەگەر ئارەق ڕشتن و ئاونگ لە سەر پەڕین بە نێگەتیڤ بزانین، دەتوانێ نیشانەی هاودەردی لە گەڵ شێخ مەند بێ کە لە زمانی گیا حاڵییەو لە سەر ئەوان ئاوارە بووە یان لە بەر ئەو کارەساتە بێ کە قەرارە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شێخ ڕەش دا، بە سەری بێ. لە هەردوو حاڵەتیش دا، وەک وشک بوونی بژار بە نەزەری شێخ مەند، دەتوانێ نیشاندانی توانایی و هێزی خوداوەندی کشت و کاڵ و هاوڕازی گیاو گوڵ -کە شێخ مەندە- بە شێخ ڕەش بێ.

مەند کە لە سەر دەرخستنی سڕی ئەوینی دایک لە گەڵ باوک، کەوتبووە بەر نەفرین، جارێکی دیکە تووشی دەردیسەر دەبێ. شێخ ڕەش لێی دەبێ بە مار و لێی دەچێتە بن بەردی بەردەتاتی تا پێیەوە دا. بوون بە مار، دەتوانێ ئاماژە بە هەوڵی مار بێ بۆ تۆڵە کردنەوە لە ئاشکرا کردنی ئەو ڕازە بێ کە دەرکرانی مار، ئادەم و حەوا لە بەهەشتی لێ کەوتەوە.

خۆ شاردنەوە و بۆسەدانانی مار لە بن بەرد، لە چاوی مەندی ئاگادار لە ڕاز و نهێنی‌یەکان، ناشاردرێتەوە. لێرەدا جارێکی دیکە دەسەڵاتی مەند بە سەر سروشت پێشان دەدرێ. لۆمەی بەردی بەردەتاتی دەکا کە بۆچی ماری وەخۆ

گرتوەو لە پەنا خۆی دا حەشاری داوە. بەرد بێ ئەمریی مەند ناکا و مار فڕێ دەدا. بەم جۆرە لە یەکەم رووبەرووبوونەوە لە گەڵ رەش دا، ڕەش سەر ناکەوێ بەڵام شەڕی نێوانیان بەوەندە کۆتایی نایە. لە شەڕگەی دووهەم دا دوو خودا دەبن بە بەران و لێک دەدەن. لەم شەڕە دا بەرامبەر دێنەوەو هیچیان ناتوانن ئەویدی ببەزێنن. ئەمجار شێخ رەش کە لە سەرەتاوە شەڕفرۆشی دەست پێ کردبوو، بە ناوی ئاشتی، لێی دەکەوێتە سەر فێڵ.



ئەگەر رەوتی رووداوەکانی ئەم بەسەرهاتە بە سەر کات دا دابەش بکەین، هەموو رووداوەکانی پێوەندیدار بە ماڵی شێخ جافر، بە ڕۆژ و تا ئێوارە روویان دا. لە گەڵ ئاوابوونی خۆر و داکشانی تاریکی، مەند ئاوارە دەبێ. کاتی دوا دیدار لە گەڵ دایک، دەکرێ بەرامبەر بێ لە گەڵ ئەو ئێوارە درەنگەی کە دایک و باوک لە سەر کانیلەی بەر ماڵان، سێوی سووری خۆشەویستییان گۆڕیەوە. کە مەند تووشی رەش و ئایەدی دەبێ، تاریکانی شەوەو هەوا تاریکە. لە یەکەم رووبەڕووبوونەوەدا شێخ رەش دەبێ بە ماری رەش. ماری رەش ئاماژە بە تاریکیی ئاسمانە و لغاوە سپیەکەی، رووناکیی ئەستێرەی رۆژە. ئەم ئەستێرەیە لە نیوەشەوان دا دەنگوێ. لە تێکەڵچوونی دووهەم دا شێخ رەش دەبێ بە بەرانێکی شین بەشی کەڵێنی. کەڵێنی ئاماژەیە بە هێز و توانی شەڕ کە هەردوو تێیدا بەرانبەرن. بەش بە واتای نێوچاوان سپی، هەمان ئاماژەی رووناکیی ئەستێرەیە کە جاری یەکەم بە لغاوی سپیی ماری رەش

نیشان درا. بەڵام ڕەنگ ئەمجارە لە ڕەشەوە دەبێ بە شین. واتا تاریکیی ئاسمان تا ڕادەیەک ڕەویوەتەوەو هیندەی کاتی تێکەڵچوونی یەکەم، ئاسمان ڕەش نییە.

لە قۆناخی سێهەمی بەیتەکەو درکاندنی ڕازی سێهەم، کە هاوکات سێهەمین ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ڕەش و مەندە، مەند لە لایەن ڕەش فریو دەدرێ. ئاشتی لە گەڵ دەکا و بە ڕوحانەت دەینێرێ بۆ بەهەشت تا چرای بەهەشتی بۆ بێنێ. ئەم چرایەش سەرچاوەی دەرخستنی هەموو ڕازەکانە. چونکە چرای ڕووناک کەرەوەی شەوە. لە ڕاستی دا مەند بەو کارەی خەریکە هەموو ڕاز و نهێنییەکان بدرکێنێ و هەڵەیەکی گەورە بکا. بەڵام ئامانجی ڕەش نە وەدەستهێنانی چرا بەڵکو لە ناوبردنی مەندە. بۆیە لە کاتی دەرچوونی ڕۆحی مەند لە تەن، دەرفەت لە جەستەی دێنێ و بە خەنجەران، سێ خەنجەر لە جەستەی مەند دەدا. ژمارەی سێ ئاماژەیە بە کاریبوونی برینەکانی مەند. ئەم ژمارەیە لە ئایینی میترایی دا گرینگە و لە بەیتەکەش دا چەند جار دووپات کراوەتەوە. وەک سێ میوان، درکاندنی سێ ڕاز و سێ جار ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان مەند و ڕەش. لە فەرهەنگی کوردانیش دا سێ بە واتای بە ئاکام گەیشتن و تەواو کردنی کارە. وەک سێ تەڵاقە، سێ خاترجەمە و...

لە گونجاندنی زەمان دا، سێهەم تێکەڵچوون کاتێ ڕوو دەدا کە مەند بە ڕوحانەت ڕۆیشتوەو تەنیا بە جەستە لەوێیە. ئەوە ئاماژەیە بە دەمی کازیوەو ڕووناک بوونەوەی ئاسمان کە مانگ ئیدی نوور و تریفەی نەماوە. بەڵام

ئەستێرەی ڕۆژێ هێشتا شەبەق دەدا. ئەم ئەستێرەیە هەمیشە دوا ئەستێرەیە کە لە ئاسمان نەدیو دەبێ. لێرەدا بەیت گەرەکیەتی بڵێ کە مانگ بۆیە لە بەرەبەری ڕۆژهەڵاتەوە و بە درێژایی ڕۆژ بە تاقی ئاسمانەوە بە بێ نوور و بە سپی هەڵگەڕاوی دیارە، چونکە جەستەیەکی برینداری دەستی ئەستێرەی ڕۆژێیە، لە دەمی ئاویلکەدان دایە بەڵام ڕووحی لە بەهەشتە. واتە هۆکارەکە لە لایەک دەگێڕێتەوە بۆ چوونە ناو بەهەشتی ڕۆح (نوور)ی مانگ و کوژرانی قالب و جەستەی مانگ بە دەست ئەستێرەی ڕۆژێ.



کوژرانی مەند دەرەنجامی ڕکابەری، حەسادەت و ترسێکە کە شێخ ڕەش و شێخ ئایەدی لە مەند هەیانە. لە ڕاستی دا ئەمە چیرۆکی شەڕی دەسەڵاتی خوداکانە. شێخ ئایەدی، برا چووکەی شێخ ڕەش بە ڕوونی بە براگەورە دەڵێ کە ئەگەر مەند بێتە ناو شار، خەڵک "ئەو دەکەن بە گەورە و ئێمە دەکەن بە چووکەی ئەو". شێخ ڕەش دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێ کە لە شەڕی ڕووبەڕوودا دەرەقەتی مەند نایە، فێڵی لێ دەکاو لە دەرگای ئاشتیەوە لێی وەژوور دەکەوێ. تاکتیکێک کە لە مێژوودا بەردەوام لە لایەن خودایانی شەڕ دووپات بووەتەوە.

ڕەش بەڵێنی پێ دەدا کە بە مەرجێک، بە روحانەت بچێتە بەشت و لەوێ قەندیلەی بەهەشتی بۆ بێنێ، گەورەیی ئەو دەپەژرێنێ. مەند کە کەسایەتیەکی ئاشتیخواز و لاشەڕە، مەرجەکەی لێ قەبووڵ دەکا. بەم جۆرە رووحی مەند بە دوای قەندیلەدا بۆ بەهەشت دەنێرێ و جەستەی بەجێماوی وەبەر خەنجەران دەدا.

شێخ ڕەش لە حاڵێک دا جەستەی مەند خەنجەران بریندار دەکا کە پێشتر سوێندی بۆ خواردبوو خیانەت لە قالبی ئەو ناکا. بەڵام وەفا بە بەڵێنی خۆی ناکا. بەوەش سێ خراپە ئەنجام دەدا: سوێندی بە درۆ دەخوا، پەیمان و بەڵێن دەشکێنێ و مەندیش دەکوژێ. ئەم پەیمان شکێنییە لە حاڵێک دایە کە ئایینی میترایی ئایینی شەرت و پەیمانە و لە سەر بەڵێن و وەفاداری ڕۆنراوە. بەو پێیە شێخ ڕەش لە بەیتەکەدا خودایەکی یاخییە. ئەمەش کەسایەتیی ئیندرا لە "ریگ ڤێدا"ی هیندیمان وەبیر دێنێتەوە کە سەردەستەی خودایانی دۆزەخە. ئیندرا خودای تۆفان و بروسکەیە و خوایەکی شەڕخوازە. لە بەرامبەر ئیندرا دا کە خوای زەبروزەنگە، وارونا هەیە. خوای فام و تێگەیشتن کە لە کەسایەتیی مەند نیزیکە. لە ریگ ڤێدا دا وارونا لە گەڵ میترا کە خوای رووناکی و راستی و چاکەیە، شەریک و برابەشە. ئێمە لە مێژووی کۆنی کوردستانیش دا تووشی ئەو سێ خودایە بە یەکەوە دەبینەوە. لەو قەواڵەیەدا کە پەیماننامەی نێوان شای میتانی و هیتیەو تێیدا میترا، وارونا و ئیندرا بە شاهید گیراون.

مەند کە بە خەنجەری رەش، سێ برینی لە بەدەنە، کاغەزێک بۆ دایکی دەنووسێ تا لەو کارەساتە ئاگاداری بکاتەوە. داوا لە زریان دەکا بۆی ببا بەڵام زریان بیانوو دێنێتەوەو دەڵێ پیر بووم و تاقەتم نییە. لە فەرهەنگی کوردستان دا، زریان بای ساردەو هێمای خراپە و زیانە. شاعیر ئەم بۆچوونەی کۆمەڵگای ئاوا لە شێعردا گونجاندوە:

پیرەزریان بە کزەی ساردو سڕی          وەک دەڵێن بەرگی فەقیرانی دڕی (هێدی)

مەند بە ناچار داوا لە شەماڵ دەکا و شەماڵ یەکسەر کاغەزەکە دەگەیەنێ. بەیت گەرەکیەتی پێمان بڵێ کە ئەوەی هێزی چاکە و بە قازانجە، دەستووری مەند جێبەجێ دەکەن و لە فەرمانی دەرناچن. ئەوەش کە هێزی خراپەو زیانبارە، لە فەرمانی ئەو دەرچووە. رەنگە بە جۆرێک مەبەستی بێ بڵێ هێزە زیانبارەکان هی شێخ ڕەشن و فەرمان لەو وەردەگرن. مەند بۆیە سەرەتا داوا لە زریان دەکا کە خەبەری برینداریی ئەو بۆ دایکی بەرێ، چونکە خەبەر ناخۆشە. ناخۆشیەکان هی زریانن. بەڵام شەماڵ بە گشتی پەیام بەر و پەیام هێنەری هەواڵە خۆشەکانە. وەک دەڵێن "شەماڵ بێ حاجەت نییە". واتە هەر گا بێ، دیاریەکی پێیە. بەفری زستان بە کزەی شەماڵ دەتوێتەوە، بەری باخ بە بای شەماڵ پێدەگا، شەمامەی بێستان بە سۆزەی شەماڵ سوور دەبێ و سوور و کای خەرمان بە دەم شەماڵەوە لێک جیا دەکرێنەوە. گۆرانیبێژیش داوا لە شەماڵ دەکا تا پەیامی خۆشەویستیی ئەو بۆ یار بەرێ:

وەرە وەرە شـــەماڵ وەرە

ئەو کاغـەزەم بۆ یار بەرە

بیدە بە دەست ئەو دلبەرە

شـــەماڵ لە کاتێـــک دا خەبەر دەگەیەنـــێ کە دایکـــی مەنـــد لە بەر نـــانی‌یە و خەریکـــی نـــان کـــردنە. نـــان لە گەنـــمەو گەنمـــیش سەردەســـتەی گیـــاو و رووەکە. رووەک و گەنمـیش دیـاریی مەنـدن. رەنـگە ئەم بۆچـوونە یـان بە گشـتیی خۆشەویسـتیی مانـگ، شـوێنی لە سـەر شـکڵی ئەو نـانەش دانـابێ کە ژنـانی کـورد سـازی دەکەن. نـانی پـان و خـڕ لە شـێوەی مانـگ. هەمـان وشـەی "قـۆرس" کە لە زمـانی فارسـی دا هەم بـۆ نـانی خـڕی لەتنەکـراو و هەم بـۆ مـانگی پـڕ بە کـار دێ. بەیـت بەم جـۆرە جـارێکی دیـکە پێوەنـدیی نێوان مەند و رووەکمان وەبیر دێنێتەوە.

بە دوای گەیشـــتنی خەبەری برینـــدار بـــوونی مەنـــد، دایکـــی مەنـــد جـــاڕی تـــۆڵە کـــردنەوە دەدا. ئەمە بنەمـــای هەمـــان بـــاوەڕە کە لە ئێزدایەتـــی دا ئـــایین لە رێـــی دایـــکەوە بـــۆ منـــداڵ دەگـــوازرێتەوە نەک لە ڕێـــی بـــاوک. بـاوەڕێکی هـاوبەش لە نێـوان دوو ئـایینی ئێـزدی و یەهـوودی دا. لە پشـت بـاوەڕی تـۆڵە کـردنەوە و کوشـتنی بکـوژ دا، رەنـگە بـاوەڕی زینـدوو بـــوونەوەی کـــوژراو یـــان ئاســـودەیی رۆحـــی ئەو، مەلاس درابـــێ. ئەو بـــاوەڕە دەتـــوانێ هۆکـــاری پەرەگرتنـــی هەســـتی تـــۆڵە کـــردنەوە لە نـــاو کوردان بێ.

خـــاڵان کە هەمـــوو شـــێخ و مشـــایخن، بە دەم بـــانگەوازی دایـــکەوە دێـــن و شـێخ و چـاک و پیـری دنیـا بـۆ ئەسـتاندنەوەی تـۆڵەی مەنـد لە رەش، کـۆ دەبـــــنەوە. بەڵام دوای ئەنجامـــــدانی تـــــاوان، رەش خـــــۆی شـــــاردۆتەوە.

ئەگەرچـــی هەتـــا ئەو کـــات ئامـــاژەیەکی راســـتەوخۆ نەبـــووە کە رەش و کـــۆی رووداوەکە لە ســـــەر هەرد نیـــیە، بەڵام لێـــــرە پەردە دادەکەوێ و روخســـاری ئاســـمانیی رەش و مەنـــد ئاشـــکرا دەبـــێ. گۆڕەپـــانی رووداو تـــا ئاســـمان بەرز دەبێـــتەوە. رەش لە پشـــت رۆژێ خـــۆی شـــاردۆتەوە. وەک چـــۆن رەش، مەنـــدی بە فیـــڵ کوشـــت، تـــۆڵە ئەســـتێنانی مەنـــدیش لەو لە فیـــڵ دەکەون. وەک چـــۆن ئەو لە کەرەســـەی پیـــرۆزی قەنـــدیلەی بەهەشـــت بـــۆ کوشـــتنی مەنـــد کەلکـــی وەرگـــرت، ئەمـــانیش لە پیرۆزیـــی زیکـــر کەلـــک وەردەگـــرن. رەش ئاشـــقی زیکـــرە. تۆڵەئەســـتێنان کـــۆڕی زیکـــرێ دەبەســـتن و بە دەنگی زیکر، رەش لە پشت خۆر دەکێشنە دەرەوە.

خۆشـــاردنەوەی رەش لە پشـــت خـــۆر و تەمەنـــی کـــورتی رەش (ئەســـتێرەی رۆژێ) دوای مەرگـــی مەنـــد (مانـــگ)، پەنـــجە بـــۆ ئەوە رادەدێـــرن کە رەش نە خـــۆر بەڵکـــو ئەســـتێرەی رۆژێیە. ئەســـتێرەیەکی گەش کە بەربەیانـــان دەنگـــوێ و لە گەڵ یەکەم  تیشـــکی هەتـــاو، دوا ئەســـتێرەی ئاســـمانە کە رووناکی لێ دەبڕێ و نەدیو دەبێ.

شـێخ و چـاک و پیرانـی نـاو بەیـتەکە بە شـێخانی خـاڵی مەندیشـەوە، نـاوی چـــاک و شەخســـی ئاســـایین. بەشـــی زۆری ئەمـــانە لە گونـــد و نـــاوچە جۆراوجۆرەکـــانی کوردســـتان دا گڵکـــۆ و زیارەتگایـــان هەیە و دەکـــرێ هەر چـــاک و شەخســـێکی دیـــکەش لە گەڵ بـــن. مەبەســـتی بەیـــت ئەوەیە کە شـــێخان، پیـــران و پیاوچاکـــان دژ بەو کـــارەی شـــێخ رەشـــن و لاگـــری

مەنـــدن یـــان هەر بە گشـــتی لە بەرەی شـــێخ مەنـــد دان. ئەم لەشـــکرە لە بەیـــتەکەدا نـــوێنەرایەتیی پـــلەی ســـێهەمی ئـــایینی میترایـــی دەکەن و ســـەربازانی میتـــران. خێـــوی خـــاکن. دەبینـــین دایـــک هـــاوار بـــۆ شـــەخس و چـــاکی وەک شەخســـی لە بەرەجـــۆ و چـــاکی لە دۆڵپەمـــۆ دەبـــا و ئەوانـــیش گڵکۆیـــان لە خـــاک دایە. ژمارەشـــیان وەک ســـەربازانی هەر لەشـــکرێک، زۆرەو دەبـــێ زۆر بـــێ. کۆبـــوونەوەی ئەم لەشـــکرەی چـــاک و پیـــران لە بەیتی دمدمیش دا جارێکی دیکە دووپات کراوەتەوە.

بەو جـــۆرەی نوســـخەی الـــف دەڵـــێ، رەش بە تیـــری مەنـــد گرفتـــار دەبـــێ بەڵام هەردوو نوســـخە لە ســـەر ئەوە کـــۆکن کە بە نەزەر کردنـــی شـــێخان لە کـــاتی زیکـــر دا، قـــالبی شـــێخ رەش لە نـــاو رۆژێ دا ئـــاگر دەگـــرێ و دەســـووتێ. نەزەر کـــردن واتـــای چـــاو لـــێ کـــردن، ئیشـــارە کـــردن و شـــاهیدی دانەو ســـــووتان بە ئیشـــــارەی شـــــێخان و بە تینـــــی خـــــۆر، مەبەســـــتی ســـەرەکیی بەیـــتەکەیە. چـــونکە خـــۆر گرێـــدراوی میتـــرایە و میتـــراش خـــوای عەداڵەتە. بە ســـوتاندنی قـــالبی رەش، تـــۆڵەی جەســـتەی کـــوژراوی مەنـــد لە رەش دەستێندرێتەوەو عەداڵەت بەرقەرار دەبێ.

گەرچـــی وەک کـــۆی بەیـــتەکە نیشـــان دەدا کە خێـــر و دەســـەڵاتی مانـــگ بـــۆ مرۆڤـــایەتی و بە ســـەر سروشـــت دا زیـــاترەو خۆشەویســـت تـــرە، بەڵام خۆرپەیـــک (ئەســـتێرەی رۆژێ) بە هـــۆی نیزیکـــایەتی لە خـــۆر، دەســـەڵاتی زیـــاتری پـــێ دراوەو قـــامچییەکەی دەســـتی حیکـــایەتیی غەدداریـــی ئەوە. لە

بەیـــتەکەدا شـــێخ مەنـــد کە تـــازە پێـــی نـــاوە دە پـــازدەی، بە دەســـت ڕەش دەکـــوژرێ و جـــوانەمەرگ دەبـــێ. ئەمە واتە لەو بـــاوەڕە دا خۆرپەیـــک خـــاوەن هێـــز و تـــین و تـــاوی یەکجـــار زۆرە. تـــا ئاســـتێک کە دایکـــی مەنـــد کـــاتێ لە ڕۆڵەکەی تـــووڕە دەبـــێ، تـــوک و نفرینـــی دەکـــا کە بە تیـــری شـــێخ ڕەش گرفتـــــار بـــــێ. واتە شـــــێخ ڕەش هەم لە بـــــاری ئـــــاییینیەوە، پـــــلەی سەرترەو هەمیش خاوەن هێز و توانی زیاترە.

بەم جـــۆرە لە بەیـــتەکەش دا شـــەو ڕابـــرد، خـــۆر دەرکەوت، ئەســـتێرەی ڕۆژێ لە چـــاوان نەدیـــو بـــوو و مـــانگیش ئەو نـــوور و تـــریفەی شـــەوی نەمـــا. بەڵام چیرۆکـــی ئوســـتورەی مانـــگ کۆتـــایی نەهـــاتوە. مەرگ لە بەیتـــی شـــێخ مەنـــد و شـــێخ ڕەش دا مەرگـــی جەســـتەیە نەک ڕۆح. قالـــب و ڕۆح یـــان جەســـتە و گیـــان دوو واتـــای جیـــاوازن. جەســـتە تەنیـــا ڕۆح هەڵـــدەگرێ. دوای ئەوەی بە هەر هـــۆیەک، لە کەلـــک کەوت، دەمـــرێ و ڕۆح دەچێـــتە نـــاو جەســـتەیەکی تـــازەوە. وەک چـــۆن مەنـــد جەســـتەی لای ڕەش بە جـــێ دێڵـــێ و ڕۆحـــی بە دوای قەنـــدیلەدا دەچـــێ بـــۆ بەهەشـــت. ڕۆحـــی چـــاکە بەهەشـــتییەو جەســـتە بە گشـــتی دنیـــایی. لە ســـۆنگەی ئەم ڕوانـــگەیە بـــۆ مەرگ و بـــۆ مەرگـــی مانـــگ، لە زمـــانی کـــوردی دا دوای هەر ون بـــوون و دەرکەوتنەوەیەکـــی مانـــگ، کـــرداری نوێبـــوونەوە بە کـــار دێـــنن. مانـــگ نـــوێ دەبێـــتەوە. پێـــوانی ئەم ڕەوتە تەنـــانەت لە نـــاوی ژمارەکـــانیش دا هەســـت پـــێ دەکـــرێ. حەوت لە ئـــایینی میترایـــی دا لـــوتکەو دوا پـــلەی پێگەیشـــتن و کامـــڵ بـــوونە. ڕۆحـــی کامـــڵ و پێگەیشـــتوو لە پـــلەی هەشـــت دا دەچـــێ بـــۆ

بەهەشـــت و لە پـلـەی نـــۆ دا نـــۆ (نـــویێ) دەبیێـــتەوە. نویێبـــوونەوە بـــاوەر بە تەناســـۆخ یـــان تەنـــاوتەنە. قالـــب نـــویێ دەبیێـــتەوە. رۆح یـــا گیـــان، تەن و جەســتەی کــۆن یــا کــوژراو بە جــێ دهیێڵــێو دەچیێــتە نــاو جەســتە و تەنیێکــی نویێــوە. هەڵــبەت لە بەیــتەکەدا ئــیێمە شــاهیدی مەرگــی کتــوپڕی مانــگ نــین. رەنــگە بەیتبیێــژ بــیهەوێ پیێمــان بڵــێ کە مانــگ لە تەمەنــی چــاردە دا کە پیێــی نـــاوەتە پـــازدە، بە هـــۆی برینـــی خەنـــجەری ئەســـتیێرەی رۆژێ، رەوتـــی مەرگــی بە ئەســپایی دەپیێــوێ. دەیــهەوێ بڵــێ رەوتــی کەم بــوونەوەی مانــگ دوای شـــەوی چـــاردە و پـــازدە، دەرەنجـــامی ئەو رووداوەیە. تـــا ســـەرەنجام مانــگ دەکــووژیێتەوەو بــۆ دوو یــا ســێ شــەوان ون دەبــێ. ئەم ســێ شــەوە، ســێ شــەوی تازیەبــاری و رەشپۆشــیی دوای مەرگــی مــردوو یــا کــوژراوە. پۆشـــینی رەش یـــا شـــین هیێمـــای شـــەوانی رەشـــی بـــێ تـــریفەی مـــانگە. ئەم کـــــووژانەوەو ونبـــــوونەی مانـــــگ، بە مەرگ حیســـــابە و دەرکەوتـــــنەوەی ســـەرلەنویێ، نویێبـــوونەوەو زینـــدووبوونەوەی دووبـــارەیە. ئەم روانیـــنە بـــۆ مەرگ و زینــدووبوونەوە و نویێبــوونەوەی مانــگ، بــووە بە بنەمــای روانــین لە مەرگ و زینـــدووبوونەوەی مـــرۆڤ کە هەمـــان بـــاوەڕ بە تەناســـۆخ و تەناوتەنە.

مەنـــد وەک ســـــەرچاوەی خیێـــر، رەش وەک ســـــەرچاوەی شـــــەڕ و دابەش بـــوونی خیێـــر و شـــەڕ بە ســـەر پلەکـــانی میترایـــی دا بنەمـــای بـــاوەڕ بە دوانەی خیێـــر و شـــەڕ لە ئـــایینەکە دایە. مەنـــد و رەش هەردوویـــان لە یەک رەچەڵەکـــن. ســـەرچاوەی هەردوویـــان یەک خـــوایە. دوا جـــاریش عەدالەت

و یەکسانی لای میترایە. ئەم باوەڕی یەکبوونی سەرچاوەی خێر و شەڕە، هۆکاری بێ باوەڕی بە ڕۆڵی ئەهریمەن دوور لە دەسەڵاتی خوایە. هەر ئەوەش بە میرات بۆ دینە کوردیەکانی وەک یارسان، ئێزدی، عەلەوی و کاکەیی ماوەتەوەو لە سەر ئەوە تۆمەتی شەیتانپەرەستی‌یان لێ دەدرێ.

کۆی بەیتەکە جگە لەوە کە باسی توانایی و تایبەتێکانی مانگە، دەیهەوێ جێگە و پێگەی مانگیش وەک سەرچاوەی خێر و خوای چاکە، لە نێو بیر و باوەڕی میترایی دا دیاری بکا. واتە ئەگەرچی لە پلەکانی میترایی دا، مانگ لە پلەی پێنجەم و ئەستێرەی ڕۆژ بە هۆی نیزیکی لە ڕۆژ، لە پلەی شەشەم دایە، بەڵام دەسەڵات و خێری مانگ بۆ هەرد و هەردنشینان زیاتر و لە سەرترە. گەرچی ڕەش لە میترا نیزیکترە.

***

بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەش هەر وەک ئایینی میترایی، بەیتێکی پڕ لە ڕەمز و ڕاز و مەتەڵە. لێکۆڵەر سەرەتا لە ڕێی پێوەندیی نێوان شێخ ڕەش و ڕۆژ گومانی بۆ میترایی بوونی بەیتەکە دەچێ. پێوەندی نێوان مەندو مانگ گومانەکە تا ڕادەیەکی زیاتر دەڕەوێنێتەوە و سەرەنجام بە دوای بنج و بنەوانی ناوی شێخ جافر و پێوەندی لە گەڵ هەسارەی تیر یا زاف و زاڤر، کلیلی سەرەکیی کردنەوەی قفڵی ئەو هەموو ڕەمز و ڕازە دەدۆزێتەوە. لە سەر یەک ئەگەر بەیتەکە وەک شانۆنامەیەکی میترایی چاو لێ بکەین، ڕۆڵی ئاکتەرەکان لە بەیتەکەدا ئاوا دابەش دەبن:

1. شێخ جافر لە پلەی یەکەمی ئایینی میترایی دا، باوکی شێخ مەند و مامی شێخ ڕەشە. خێوی با و گرێدراوی هەسارەی زاڤ، تیر، عەتارۆد یان مێرکوریەو ناوەکەشی هەر لە وشەی "زاڤ" و رەنگە "زاڤر" وەرگیراوە. وەک با لە ژیانی مرۆڤ دا سەرچاوەی خێر و چاکەیە بەڵام رەگی شەڕ و خراپەشی تێدایە. لە بەیتەکە دا باوکی مەندە بەڵام دەرهەق بە مەند خراپەش دەکاو ئاوارە بوونی مەند دەرەنجامی تووڕەیی ئەوە.
2. دایکی مەند لە پلەی دووهەم دا خێوی ئاو و گرێدراوی هەسارەی زۆهرە، ناهید یان ڤینۆسە. بە داخەوە فەرهەنگی پیاوەمەزنی نەیهێشتووە ناوی لە بەیتەکەدا بگونجێندرێ و نازانین ئەگەر رێگا درابا، چ ناوێکی دەبوو. وەک ئاو، لە جنسی خێر و چاکەیە بەڵام لە تووڕەیی و لافاو و وێران کردنیش بێبەری نییە. لە تووڕەیی دا مەند نفرین دەکا و بە تیری شێخ رەشی گرفتار دەکا کەچی دوای کوژرانی مەند هەر خۆی لەشکر بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی مەند کۆ دەکاتەوە.
3. خاڵانی مەند وێڕای شێخ و شەخس و پیاوچاکانی دیکە لە پلەی سێهەمی میترایی دا سەرباز یا جەنگین. خێوی خاک و گرێدراوی مێریخ یا مارسن. چونکە سەربازن، ژمارەیان زۆرەو لەشکریان لێ ساز کراوە. ئەوان لەشکری سەربازانی میتران و کاریان چاک کردن و چاکە کردنە.

4. شێخ ئایەدی لە پلەی چوارەم دا، خێوی ئاگرە. نیشانەی شێری هەیەو گرێدراوی ژوپیتێرە. لە بەیتەکەدا برای شێخ ڕەش و ڕۆڵی نێگەتیڤ و هاندەرانەی دژ بە مەند هەیە.

5. شێخ مەند لە پلەی پێنجەم دا خێوی گیاو کشتوکاڵە و گرێدراوی مانگە. خێوی خێر و چاکەیەو سەرچاوەی ژیانە. هەموو بەیتەکەش بۆ ناساندنی ئەوە و بۆ دیاری کردنی جێگەو پێگەی بەرزی ئەو لای پێڕەوانی ئایینی میتراییە.

6. شێخ ڕەش لە پلەی شەشەم دا خۆرپەیکە. نوێنەری میترایەو گرێدراوی ئەستێرەی ڕۆژێیە. خێوێکی توورە و یاخیەو پێچەوانەی مەندە. لە بەیتەکەدا هەوڵی ئەوەیە رکابەریی مەند بکا و لە ناوی بەرێ. سەرەنجام سەریش دەکەوێ بەڵام جەستەی خۆیشی لە سەر دادەنێ.

7. سەرەنجام خۆر کە حەوتەمین و بەرزترین پلەیی میتراییە، پێگە و جێگەی میترا و نیشانەی عەداڵەتی میترایە. لە بەیتەکە دا ئەگەرچی ڕەش لە پشت ئەو خۆی دەشارێتەوە، بەڵام بە سوتاندنی جەستەی ڕەش، تۆڵەی مەند دەستێنێ و عەدالەت بەرقەرار دەکاتەوە.

بەم جۆرە جێگەو پێگەی حەوت پلەی ئایینی میترایی لە بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەش دا دەسەلمێنێ کە ئەم بەیتە بەیتێکی میتراییە. ئەمەش پێمان دەڵێ کە ئایینی میترایی، ڕەنگە بە ناوێکی دیکە بەڵام بە هەمان ناوەڕۆک، دینی کۆنی لانیکەم بەشێک لە دانیشتوانی ئاخێزگەی بەیتەکە بووە. هەروەها بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەیت لە خزمەت ئایین دا بووەو ئایینی نەنووسراو

و نەخوێندراو، ڕۆڵی گرینگی لە خولْقاندن و پەرەگرتنی بەیت و بە گشتی ئەدەبی فۆلکلۆریی کورد دا گێڕاوە.

***

# بەیتی شێخ مەند بە راوێژی محەممەدی غەزالی (حەمەی بەیتان)

ئاودێری دە دێمەکاران

شێخ جافر بابی فەقیر و هەژاران

شێخ جافر سێ میوانی دەهاتن لەوان میوانی دە خاسە

ڕۆڵە مەندە! مەندەی دە دورپاسە!

ئەوان میوانانە بۆ بابی خۆت بناسە.

بابە! یەکیان خاڵندە، یەکیان خدرە، ئەوی دی ئەلیاسە

ڕۆڵە مەندە! مەندە گیانە!

سەتێ بۆرێ و بەستەزمانە

پاکی مردوون لە برسانە

لەو مەندەی دەنوورانییە !

نەیدەکردەوە بێحەمرپی بابییە

دەستی دەداوە داس و گوریسی‌یە

چوار قورنەی دنیایەی بە بۆریان دەپشکنییە

چەندی گیای هەوەڵ بۆهارییە

هەمووی دەسحێب دە زارییە

دەکاتەوە زکری خالەقی جەببارییە

جێگای پەت و سینگان خاڵی نییە

بۆریەی دەهێنانەوە بە برسیایەتییە

خۆ بەڵان دەیگوت: بابە! بەوەی کەم کە ڕەببی‌یە

کە لەژووری سەرییە

ئەمن چوار قوڕنەی دنیایەم بە بۆرییان دەپشکنییە

چەندی گیای هەوەڵ بوهارییە

هەمووی دەسحێب دە زارییە

دەکاتەوە زکری خالەقی جەببارییە

جێگای پەت و سینگان خاڵی نییە

بۆریەم دەهێنانەوە بە برسیایەتییە.

ئەوە شێخ جافر دەیگوت: ڕۆڵە مەندە! مەندە گیانە!

سەتی بۆرییە و بەستەزمانە

پاکی مردوون لە برسانە.

لەو مەندی دە نوورانییە

دوبارە نەیدەکردەوە بێحەمریی بابییە

چوار قوڕنەی دنیایەی دەپشکنییە

چەندی گیای هەوەڵ بوهارییە

هەمووی دەسحێب دە زارییە

دەکاتەوە زکری خالەقی جەببارییە

جێگای پەت و سینگان خاڵی نییە

بۆریەی دەهێنانەوە بە برسیایەتییە.

دەیگوت: بابە! بەوەی کەم کە ڕەبیی‌یە

کە لە ژووری سەرییە

دووبارە چوار قوڕنەی دنیایەم دەپشکنییە

چەندی گیای هەوەڵ بوهارییە

هەمووی دەسحێب دە زارییە

دەکاتەوە زکری خالەق جەببارییە

جێگای پەت و سینگان خاڵی نییە

بۆریەم دەهێناوە بە برسیایەتییە.

ئەوە شێخ جافر دەیگوت:

ڕۆڵە! ئەتۆ کانی، ئەمن جۆمە

تۆ دانیشەو  من دەڕۆمە.

ئەوە شێخ مەند دەیگوت؛ بابە!

هەر لە زەمانی دە پێشینان تا زەمانی دە پاشینانە

نەمدەدی باب لەبەر کوڕیان بڕۆن

هەر کوڕ لەبەر بابیان ڕۆیون

ئەتۆ کانی، ئەمن جۆمە

تۆ دانیشە و من دەڕۆمە.

ئەوە شێخ جافر دەیگوت: ڕۆڵە مەندە!

من حومرم دەگەیی بە شێست و سێ ساڵییە

نەمدیوە دوو مێگەلە کاوڕی قورس لە نواڵێکی

دوو شێخی بەقەوەت لە سەر بەرماڵێکی

ئەتو کانی، ئەمن جۆمە

تۆ دانیشەو من دەڕۆمە.

ئەوە شێخ مەند دەیگوت بابە!

حومرم گەیوە بە چاردەی، پێی ناوە دە پازدەی

ئەمدەدی دوو شێری بەقەوەت لە لانێکی

دوو پادشای زۆردار لەسەر تەختێکی

ئەتۆ کانی، ئەمن جۆمە

تۆ دانیشە، من دەڕۆمە.

ئەوە شێخ مەند دەستی دەدایە کەشکۆڵێک و دارعەساییە

دەکەوتە بەر ماڵان

شێخ جافر پەشیمان دەبۆوە، دەیگوت:

دایکی مـــــەندیم بۆ بانگ کەن

وێـــــــڕای کوێتان بەرێی کەن

مەندم زیز بووە، ئاشتی وەکەن

دایکی مەندی دەهات دەیگوت: ڕۆڵە مەندە! مەندەی دە ڕواڵە!

شیری ئەو مەمکانەت لێ دەکەمەوە حەڵاڵە

بە قسەی دایکت بگەڕێوە بەرەو ماڵە.

ئەوە شێخ مەند دەیگوت: دایە!

بەوەی کەم کە ڕەببی‌یە

کە لە ژووری سەرییە

ئەگەر لێم دەگەڕێی چاکە

ئەگەر لێم ناگەڕێی

لە دیوانی خودا و پێغەمبەران

سوڕی تۆ دەکەمەوە ئاشکراییە.

ئەوە دایکی دەیگوت: ڕۆڵە !

ئەگەر سوڕی من نەکەیەوە ئاشکراییە

ڕەبی بۆت نازڵ بێ شێخ ڕەش و شێخ ئایەدیە

بە خوێنی سەرت ببنەوە توونییەو

بە جوانیی خۆت ببێوەوە شادییە.

ئەوە شێخ مەند دەیگوت:

دایە! ئەتۆ کیژ بووی لەنێو کیژانە

بابم کوڕ بوو لەنێو کوڕانە

ئەوە ژوانو دەکردەوە کانیلەی دە بەر ماڵانە

یەکی سێوێکی سوورو دەداوە بە یەکتر بە نیشانە

ئەمن حەوت ساڵ بوو ڕووحم لەسەر ئەنگۆی دەکردەوە سەیرانە.

خۆ ئەوە دایکی دەیگوت: ڕۆڵە!

وەکوو سوڕی منت کردەوە ئاشکراییە

ڕەبی بۆت نازڵ بێ شێخ ڕەش و شێخ ئایەدییە

بە خوێنی سەرت ببنەوە توونییە

بە جوانێ خۆت ببیەوە شادییە.

ئەوە شێخ مەند دەستی دەدا کەشکۆڵێک و دارعەساییە،

پشتی دەکردەوە ئاوەدانییە،

ڕووی دەکردەوە دە چۆلییە،

بەڵان دەڕۆیەوە بۆ لای شارییە

شێخ ڕەش و شێخ هادی بژاری پەمۆیان دەکرد

ئەگەر نەزەری دەکردە بژاریێ، بژار سەری وشک دەبوو

پەمۆ زەنگۆڵ زەنگۆڵ عارەقی دەڕشتییە.

شێخ ئایەدی دە شێخ ڕەشی دەکوتا دەیگوت:

کاکە ئەوە شێخ مەندی ئامۆزامانە، بچتەوە نێو شارییە

ئەوی دەکەن بە گەورە، ئەمە دەکەن بە چووکایەتیی وی‌یە

نوێژکەرە، نوێژی ناچێ

خۆی لێ بکەوە بە مارێکی ڕەشی لغاوە سپییە

لێی بچۆوە دە پەڕەی تاتییە

بە بەری پێیەوە دە تا نووکی سەری بە با دەییە.

خۆ ئەوە شێخ ڕەش دەبوو بە مارێکی ڕەشی لغاوە سپییە

لێی دەچۆوە دە پەڕەی تاتییە

شێخ مەند دەچۆوە سەر بەردی بەردە تاتییە

دەیگوت: ئەرێ بەردی بەردەتاتییە!

تۆ ناترسی لە ڕۆژی قیامەتێ کە بتسووتێننەوە بە ئاگرییە؟!

ئەو مارە ڕەشە لغاوە سپییە چییە وەخۆت دەگرتییە!

خۆ ئەوە بەردی بەردەتاتی ڕێکی دەکوشی

شێخ ڕەش دەردەپەڕی، دەبۆوە بە بەرانێکی شین بەشی کەڵێنییە

شێخ مەند دەبۆوە بە بەرانێکی زەربەشی کەڵێنییە

تا ئێوارێ لێکیان دەدا، هیچیان زەفەریان بە هیچیان نەدەبردییە

ئێوارێ سوێندی بۆ دەخوارد بە سوێندی پیاوانە

تەڵاقی بۆ دەخوارد بە تەڵاقی ژنانە:

ئەتۆ بە ڕووحانەت بچۆوە بەحەشتێ،

قەندیلم بۆ بێنە، ئەمن بە قالبی تۆ ناکەمەوە غەیانە

ئەوە شێخ مەند بە ڕووحانەت دەچۆ بەحەشتێ

ئەگەر قەندیلەی بۆ شێخ ڕەشی بێنێ،

شێخ ڕەشم زۆر بە فێڵە

خـــەنجەری دمە بێڵە

ســێی لێدەدان بە فێڵە.

وەی هاوار، هاوار، هاوار

قالــــبم بۆوە بریندار!

کاغــــەزێکی نووسییە

هاواری کردە زریانییە؛

وەی زریانە هــەوێکە!

ئەو کاغەزەی بەڕێ کە

دایک و بابم حاڵی کە

زریان دەیکوت: وەی شاسواری جوندییە!

پیر بووم تاقەتم نییە

هاوار کە شـەماڵییە

شەماڵ دەهات کاغەزی دەڕفاند

دایکی مەندیم لەبەر نانییە

دەســـــــتی دا بەو ڕانییە

شــــێخ مەندم دۆڕاندییە

حەک مووم بێ لە زبانییە،

دە هاواری مەندیم بێ؛ شێخ برایمی خاڵی بێ،

دە هاواری مەندیم بێ؛ شەمسی وا لە تەورێزێ

دە هاواری مەندیم بێ؛ شێخ هەمزەی ئامۆزای بێ،

دە هاواری مەندیم بێ؛ چاکی لە دۆڵ پەممۆیە،

دە هاواری مەندیم بێ؛ سەیدی دە ماوەڵۆیە،

دە هاواری مەندیم بێ؛ شەخسی لە بەرە جۆیە!

قوولە و هەڵڵا پەیدا بوو

کۆڕەی زکری گیرابوو.

شێخ برایمی خاڵی دەیگوت:

وەگەر ڕمبێ هەڵوێژم،

دونیای پاک تێک داوێژم

خوێنی مەندێ دەڕێژن؟!

قوولە و هەڵڵا پەیدا بوو

شێخ هەمزەی ئامۆزای گوتی:

وەگەر ڕمبێ هەڵبێنم

دونیای پاک تێداوێنم،

تۆڵەی مەندی دەستێنم

شێخ ڕەش لە ترسان دەچۆوە پشت ڕۆژێ.

ئەوان شێخان، ئەوان مشایخان دەیانکوت:

شێخ ڕەش عاشقی چییە؟

دەیانکوت:

شێخ ڕەش عاشقی زیکرییە.

ئەوان شێخان، ئەوان مشایخان کۆڕی زکریان دەبەست و

شێخ ڕەش لەپشت ڕۆژێ سەری وەدەر دەنا،

ئەگەر نەزەریان دەکردەوە شێخ ڕەشییە،

شێخ ڕەشیش دەسووتا بەردەبۆوە،

بە تیری شێخ مەندی گرفتار دەبۆوە

***

## بەیتی شێخ مەندو شێخ ڕەش بە راوێژی عەزیزی پوور ئامانو محەممەدی برازای

سالێکی لە سالانە

مانگێکی لە مانگانە

جومعێکی لە جومعانە

شێخ جافر دەیهاتن سێ میوانە

دەیفەرموو مەندە! ئەی مەندە گیانە!

دەیفەرموو ئەی مەندی دە خاسە

وەرە ئەو سێ میوانانەم بۆ بناسە

ئەی مەندەی دە نوورانە

وەرە بۆم بناسە ئەو سێ میوانانە.

لە بەر مەندەی دە خاسە

دەیفەرموو ؛ ئەوە یەکیان هەمزەیە

ئەوی دییان خالندە

سێومیان هەباسە.

ئەی رۆلە! ئەی مەندە گیانە!

وەرە لێیان وەرگرە ئەو سێ بۆرانە

لە بەر بۆری دە میوانییە

مەندە گیان هەر سێکیان زۆریان برسییە

لە بەر مەندەی دە نوورانییە

دەستی دەداوە گوریسی دە گەڵ داسی‌یە

رووی دەکردەوە مێرگۆڵەی بێ ساحێبی سەربەتاڵییە

بە حوکمی خالەقی جەببارییە

ئەوەندی گیای هەوەڵ بوهاری

هەموو تەسحێبێکیان دە زاری دا

دەکەنەوە زیکری خالەقی جەبباری.

ئەی لە بەر مەندەی دە نوورانییە

دەهاتەوە بە دەستی خاڵییە

ئەوەندی گیای هەوەڵ بوهارییە

دەکەنەوە زیکری خالەقی جەببارییە

قەت جێگای هیچ خاڵی نییە.

یای مەندە! مەندەی دە نوورانییە

هەڵگرە سینگی ئەوان بۆرانییە

ئەوە شێخ مەند هەموو جێگایەکی بە بۆران دەپشکنییە

بۆری میوانی دەهێنایەوە بە برسیایەتییە

شێخ جافر دەیفەرمووو ئەتۆ چ کوڕێکی؟!

ئەمن نەمدیوە دوو پادشای گەورە لە سەر تەختێکی

نەمدی دوو شێخی بە قەوەت لە سەر بەرماڵێکی

نەمدی دوو شێری عەجایب لە لانێکی

ئەتۆ کانی بە، ئەمن جۆمە

ئەتۆ دابنیشە، ئەمن دەڕۆمە.

ئەوە شێخ مەند دەیفەرموو:

ئەمن سیننم چاردەیە، گەیشتمە پازدەی

هەر لە زەمانی پێشینانە

هەر کورِ ڕۆیون لە بەر بابانە

قەت باب نەدەڕۆیین لە بەر کوڕانە

بابە گیان! ئەتۆ کانی بە، ئەمن جۆمە

جا بابە! ئەتۆ دابنیشە و ئەمن دەڕۆمە.

لە بەر مەندەی پاک و تەمیزە

ئەوە لە شێخ جافری بابی دەبۆوە زیزە

بە یەکجاری لە بابی دەخواست خوداحافیزە

لە بەر مەندەی دە جوانە

خودا حافیزی دەخواست لە حوجرەی فەقێیانە.

شێخ جافر دەڵێ؛ دایکی مەندیم بۆ بێنن

وێڕای کۆتان بیفرێنن

شێخ مەندی پێ بگەرێنن

دایکی مەندیم بۆ بانگ کەن

وێڕای کۆتان بەرێی کەن

شێخ مەندی پێ ئاشتەوە کەن

دایکی مەندیان بۆ هێنا

دایکی مەندی دیکوت ناکەم، رۆڵە ناکەم

ئەگەر لەو سەفەرەی نەگەرێیەوە

لە شیری ئەو مەمکانە ئازادت ناکەم .

شێخ مەند دەیکوت؛ دایە! ئەگەر ئازادم نەکەی

سورڕی تۆ ئاشکرا دەکەم

ئەوە دایکی دەیفەرموو ئەو خراپەی ئەمن کردوومە

ئەگەر ئاشکرای نەکەی بە تیری شێخ رەشیتەوە کەم

دەڵێ؛ دایە! ئەتۆ کیژێک بووی لە نێو کیژانە

بابم فەقێیەک بوو لە نێو فەقێیانە

ژوانی خۆتان داویشتەوە کانیلەکەی بەر ماڵانە

یەکی سێوێکی سوورو دەداوە بە یەکتر بە یادگارانە

ئەو دەمی حەوت ساڵ بوو رووحی من لە سەر ئەنگۆ دەیکردەوە سەیرانە

ئەوە شێخ دەیفەرموو ئەو قسانە

جا بە یەکجاری زیز دەبوو لە دای و بابانە .

لە بەر مەندەی دە نوورانیە

دەهات گەیشتە قەراغ شارییە

دەهاتە کن شێخ رەش و شێخ هادییە

ئەوان هەردووکیان بژاریان دەکردیە

شێخ مەند نەزەری دەکردییە بژارێ

بژار وشک دەبوو، زەرعات ئاونگی لە سەر دەپەڕییە

جا شێخ رەش دەیگوت بە شێخ هادییە

ئەوە شێخ مەندە

ئەمە ئەگەر بیبەینەوە ماڵێ دەبێ

ئەوی بکەینە گەورە

بۆخۆمان دابنیشین به چوکایەتیە

جا وەرە بزانین تەگبیرمان چییە

ئەوە شێخ هادی دەیگوت؛ شێخ مەند نۆژکەرەو قەت نۆژی ناچێ

ئەتۆ ببەوە مارێکی رەشی لغاوە سپییە

لێی بچۆوە بن بەردی بەردە تاتێ

پێیەوە دە با بیبا تووکی سەرییە

جا شێخ رەش دەبۆوە مارێکی رەشی لغاوە سپییە

دەچۆوە بن بەردە تاتییە

ئەوە شێخ مەند دەیفەرموو ئەی بەردە تاتییە

تۆ وەخۆت گرتوە ئەو مارە رەشە لغاوە سپییە

ئەدی لە قیامەتێ جوابت چییە؟

بەردی بەردە تاتێ فرێی دەداوە ئەو مارە رەشە لغاوە سپییە

ئەو دەبوو بە بەرانێکی شینبەشییە

شێخ مەند دەبۆوە بە بەرانێکی سووربەشییە

ئەوان هەردووکیان لێکیان دەدا

هیچیان زەفەریان پێکتر نەدەبردییە .

شێخ رەش گوتی بە شێخ مەندییە

ئەتۆ بچۆوە بەحەشتێ

بۆم بێنە قەندیلێکی دە نووریە

ئەتۆ دابنیشە بە گەورە

ئەمنیش دادەنیشم بە چوکایەتیە .

شێخ مەند دەیفەرموو؛ ئەتۆ سۆندم بۆ بخۆ بە سۆندی پیاوانە

تەڵاقم بۆ بخۆ بە تەڵاقی ژنانە

بە قالبی من نەبێوە غەیانە .

شێخ رەش سۆندی بۆ دەخوارد بە سۆندی پیاوانە

تەڵاقی بۆ دەخوارد بە تەڵاقی ژنانە

دەیکوت ئەمن بە قالبی تۆ نابمەوە غەیانە .

جا ئەوە شێخ مەند بە نەزەر دەچۆوە بەحەشتێ

لاڵ بم شێخ مەند جحێڵە

جا ئەوە شێخ رەش لێی بە فێڵە

خەنجەری دەماوبێڵە

لاڵ بم جەرگی شێخ مەندی کێڵا

ئەی هاوار شێخە سوورە

دڵ داییسێ وەک کوورە

قالبی شێخ مەندم دە خونێ دا دەبوو سوورە

لاڵ بم شێخ مەند منداڵی

دە خونێ دا شەڵاڵی

لەو شێخ مەندی نوورانییە

بانگی دەکردە زریانییە

دەیگوت ئەی زریانەو هەوێکە

ئەو قاقەزەی بەڕێ کە

روو دە حوجرەی دایکم کە

زریان دەیکوت بە شێخ مەندییە

ئەمن تاقەتم نییە

هەتا شەماڵ لەوێ بێ

خۆ من قودرەتم نییە

رەبی نەتبێ قودرەتە

خودا نەتدا قەوەتە

پیرە شەماڵ نۆرەتە

روو دە حوجرەی دایکم کە

ئەو قەزیەی منی حاڵی کە

ئەو شەماڵی جوندییە

هات لە پێشی چەقییە

دەیکوت بە عەولادی شێخ جافرییە

دەیکوت ئەتۆ حاجەتت بە من چییە؟

جا شێخ مەند قاقەزی دەنووسیە

دەیدا بە دەم شەماڵییە

ئەو دەیهێنا بۆ کن دایکییە

دایکی لە بەر نانییە

ئەو مستی دەدا لە رانییە

دەیگوت رۆڵە سەڵام لێ ڕابوو

ئەو دوعای خۆم لێت گیرابوو

ئەی هاوار رۆڵە هاوار

یا شێخ هەمزەی کاکم بێ

ئەو دە هاواری مەندی بێ

یا شێخ قادری کاکم بێ

ئەو دە هاواری مەندی بێ

ئەی هاوار سەد جار هاوار

شێخ برایمی کاکم بێ

ئەو لە تۆڵەی مەندی بێ

شەمسی تەورێزی با بێ

ئەو لە تۆڵەی مەندیم بێ

ئەسحابەی زەلیلانێ

چاکی ساردەکۆسانێ

ئەسحابەی بەری بانێ

ئەو لە هاواری مەندی بێ

ئەو سەیدی سەفاخانێ

ئەو سەیدی ماوەڵۆیە

ئەو شەخسەی بەرەجۆیە

کانی مرادی کوچکییە

پیر موحەممەدی بوغدەداغییە

بێ لە تۆڵەی مەندییە .

هەڵلا و غوڵو پەیدا بوو

ئاڵقەی زیکرێ گیرابوو

شێخ هەمزەم ڕاوەستابوو

دەیکوت ڕمبێ هەڵێنم

عاسمانێ دەڕووخێنم

هەڵڵاو غوڵو پەیدا بوو

شێخ قادر ڕاوەستابوو

دەیکوت رمبێ هەڵێنم

رۆژیش تێکدەپەڕێنم

شێخ برایم ڕاوەستابوو

ئەوە شێخ ڕەش خۆی دە بن تیشکەی ڕۆژێدا حەشار دابوو

جا ئەگەر نەزەری دەکردە شێخ ڕەشی

دەوێدا قالبی شێخ ڕەشم ئاوری تێبەربوو

جا ئەو جار تۆڵەی شێخ مەندیم تەواو بوو

ئەمما ئەو دوژمنایەتێ هەتا ئاخری زەمانێ بوو

سەد ڕەحمەت لە مەو لە گۆدێران

دەگەڵ نەبێ شەیتانی دین دوژمنی ماڵوێران

***

ژێدەر:


1- لێرەوە بە دەنگی حەمەی بەیتان گوێ لە بەیتەکە بگرە
2- مێژووی شارستانیەت – ویل دورانت
3- مێژووی دین و مەزهەبەکان لە ئێران – عەباس قەدیانی
4- ئایینی میترا – مارتین ڤێرمازێرن
5- بەیتی شێخ مەندو شێخ رەش - گۆڤاری سروە – ژمارە ٣
6- بەیتی شێخ مەندو شێخ رەش بە دەنگی حەمەی بەیتان
7- چەند بەیتی کوردی – قادری فەتتاحی قازی
8- هەنبانە بۆرینە
9- بەرنامەکانی لاڤێژ سەبارەت بە ئایینی ئێزدی لە کاناڵی تلویزیۆنیی وار
10- دین و فەرهەنگی ئێرانی پێش زەرتۆشت – هاشم رەزی (فارسی)
11- مێژووی ماد – دیاکۆنۆف
12- صمدي، مهرانگيز؛ ماه در ايران از قديمي‌ترين ايام تا ظهور اسلام



وێنەی سەربەرگ: ملوانکە لە شێوەی هیلالی زێڕینی مانگ - زێویەی سەقز

پشت بەرگ: موزائیکی نەخشی شێخ ڕەش - قەڵایچیی بۆکان